**٣١ ئاب هێشتا درێژەی هەیە، چونکە هێشتا خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکە بەردەوامە، هێشتا تەماحی باڵادەستی زۆرتری دەسەڵات و پاوانی جغرافیای زۆرتر و تاڵانی بێ ئەوپەڕی داهاتی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێی میلیشیاو زۆرەوە درێژەی هەیە...**


# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(105) بەرواری 1–9–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دزی و تاڵانی لە زمانی خۆیانەوە...

عەلی حەمە ساڵح ئەندامی پەرلەمانی کورستان بەم دوایانە لە پەیجی فەرمی خۆی لە فەیس بوک باسی دزیەکی تری دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەکات کە لە بازگەکانی هەرێم دەکرێت... ناوبراو دەڵێت" دوو کۆمپانیا بەناوی سۆنەری بازگە ساڵانە ٨٠ ملیۆن دۆلار لە هاوڵاتیان وەردەگرن" .



ئاماژەی بەوەشکردوە، جگە لە خاڵە سنوریەکان کە بۆ هەر پشکنینێک لە نێوان 35 بۆ 50 دۆلاردایە، لە بازگەکانیش ئەم پارە هەر وەردەگیرێت، بۆنمونە لە بازگەی دێگەڵە هەر بارهەڵگرێک بە پڕی بێتە هەولێر (35 هەزار دینار)ی لێوەردەگیرێت و

بۆ لاپەڕە 3

## ١٥٠ محامی یاداشتیکی نارەزایەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی سلێمانی بلاودەکەنەوە...

دوای ئەو گرژییەی لە ٨ ی تەمووزەوە بەهۆی ناکۆکی نێوان ئامۆزکان "بافڵ تاڵەبانی و لاهور شیخ" جەنگی لەسەر کورسیەکەی مام دروست بووە، شاری سلێمانی ڕووبەڕووی دۆخێکی نەخوازراو بۆتەوە و سیمای سەربازگە و مەیدانی شەڕێ پێوە دیارە. ئەمەش دڵەڕاوکیەکی زۆری لەنیو دانیشتوانی شاردا بەتایبەتیش لە گەرەکی سەرچنار دروستکردووە.




بۆ ڕووبەروو بوونەوەی ئەو دۆخە و لەچوارچێوەی نارەزایەتی بە ململانێی دەسەڵات و ئەو نەریتە شاخییەی کە لەنێوان هاوسەرۆکاندا!! پێکهاتووە... ١٥٠ محامی یاداشتێکی

بۆ لاپەڕە 3

## شکستی ئابڕوبەرانەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان...ل4

## وتەی ژمارە

## ئەخێر ئیمانوێل ماکرۆن... دۆستی "کورد"!! نییە

کۆتایی مانگی رابردوو، ٢٩ی ئۆگەستی، ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا دوای سەردانی بۆ بەغدا، و بەشداری لە "کۆنگرەی بەغدا بۆ هاوکاری و هاوبەشی" سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. سەردانی ماکرۆن بۆ عێراق و بەتایبەتیش بۆ کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کە ریزێکی بەرین و لە نووسەر و کەسایەتی سیاسی، ئەم سەردانەی ماکرۆن بە روداوێکی کەم وێنەی مێژووی و پڕ دەستکەوت بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لێک بدەنەوە. بەوێنەی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی وێنایان کرد. بەشێکی زۆری نووسەر و سیاسیەکانی ناو خانەوانەی بۆژوازی کورد، ئەم سەردانەی ماکرۆنیان بەزامنی ئایندەی سیاسی کوردستان



نیشانداو هەوڵیاندا ئەو ترس و نیگەرانییە بڕەوێنەوە کە بە پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان دەشێت ڕوودبات. هاوکات ماکرۆنیان وەکو فریادرەس لە رۆژە سەختەکان و فەرەنسایان وەکو دۆستی خەڵکی کوردستان و لەڕاستای پاراستنی هەرێمی کوردستان خستە ڕوو.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە هیچ کام لەم سیاسی و نووسەرانە، کە فەرەنسا بەدۆستی کورد و فریادرەس تەماشادەکەن، یەک بەڵگەو تەنانەت یەک رستەی ماکرۆنیان نیشان نەداوە کە فەرەنسا دۆستی کوردە و خەڵکی کوردستان دەپارێزێت!!. خوی ماکرۆنیش لەم سەردانەیدا هیچ بەڵێنێکی سیاسی و هیچ پرۆژەیەکی دیاریکراوی بۆ خەڵکی کوردستان و ئایننده سیاسییەکی نەخستە ڕوو، جگە لە راگەیاندنی درێژەدان بە دۆستایەتی، وەفاداری و هاوسۆزی نیشاندان.

ئەوەی زۆر رۆشن بوو. ماکرۆن پێداگری لە جەنگی دژە تیرۆر و شەری داعش، پاراستنی سەروەری عێراق، هاوکاری ئاوارەکان و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ زیدی خۆیان، ئاوەدانکردنەوەی موسڵ و وەبەرهێنان لە عیراق و کوردستاندا... کردەوە. واتە ماکرۆن بە رۆشنی سیاسەت و ئامانجی سەردانەکەی ڕاگەیاند و لەپاڵیدا هاوسۆزی و پێداگری لە دۆستایەتی لەگەڵ "کورد"!! کردەوە. ئەمەش بەرۆشنی نیشانی دەدات کە ماکرۆن جگە لە هاوسۆزی و دۆستایەتی لە بازنەی ئینسان دۆستیدا، هیچ بەڵێنێکی سیاسی بەخەڵکی کوردستان نەدا.

بۆ لاپەڕە 2

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* تا بانگەشەی چاکسازی زۆرتر دەبێت، دزی و تاڵانیش بەرینتر دەبێت......ل3
*شکستهێنان لە ئەفغانستان و تێکچوونی ئاسایشی جیهان!.................ل6
*تاڵیبان مۆتەکەی ژنانی ئەفغانستان.........................................................ل7




**لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا، عەمار شەریف لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەداتەوە...ل10**


گۆشەی پرسی رۆژ...؟...ل5

پرسی ژن

ل 7

گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل9-8

## درێژەی وتەی ژمارە

دەوڵەتی فەرەنسا بەوێنەی كاراكتەرێكی كارای سیاسی لەدنیادا، و ماكۆن وەكو سەرۆكی ئەو وڵاتە، لە ئێستادا، نوینەرایەتی چینی باڵادەستی فەرەنسا و كۆمپانیاكانی دەكات و بەدوای ئامانجە سیاسی و ئابوریەكانیەوەیەتی، عیراق و كوردستانیش، ژینگەیەكی لەبارن بۆ سەرمایەگوازری و وەبەرهێنان، بەتایبەتیش لەبواری نۆژەنكردنەوەی عیراقی وێرانكراودا كەخۆیان پشكیان لە داروخاندنیدا بەرجەستەتەیە.

پرسی پاشەكشەی ئەمریكا لەعێراق بەدوای ئەفغانستاندا، دۆسیەی ڕۆژەو ئەمریكا دواخاڵی شكستی ئابروبەرانەی خۆیان لە سازدانی "نەزمی نوێی دنیا" " رۆژهەڵاتی گەورە" بە پاشەكشە لە ئەفغانستان و عیراق، دادەنێت. بێگومان پاشەكشەی ئەمریكا لە عێراقدا، ئاڵوگۆری گەورە بەدوای خۆیدا جێ دەهێڵێت، هاوسەنگی هێزە سیاسییەكان دەگۆڕیت، مەیدانی دەخالەگەری وڵاتەكان لە عێراقدا كراوەتر دەكات، عێراق بەرەو ناوەندی بڕیاردان دەبات. جموجۆڵی هێز و گروپە تیرۆریستەكان پێناسە دەكاتەوە. فەرەنسا دەیەوێت لەو ئاڵوگۆرانەدا كەڵكی خۆی وەربگرێت. لە باری سیاسییەوە هەژموونی ئەوروپا و بەدیاریكراوی فەرەنسا لە عێراقدا باڵادەست بكات و لەو ریگایەشەوە رۆڵی لە گۆرەپانێكی گرنگی ململانیی ناوچەیی و جیهانیدا بباتە سەرەوە. هاوكاتیش عێراقی داروخاوی دەستی جەنگ بەتایبەتی لەبواری بنیاتنانەوەدا، بكاتە سەرچاوەیەك بۆ خستنەگەری كۆمپانیاكانیان لە پێناو كەڵەكەی سەرمایەدا. بە كورتی لەباری سیاسیەوە بۆ پڕكردنەوەی جێگای ئەمریكا و رۆلگێرانی زۆرتری سیاسی لە عیراق و كوردستان و ناوچەكە و لەباری ئابوریشەوە بەدوای بەرژەوەندییە ئابوریەكانیەوەیەتی. دیارە لەم چوارچێوەیەشدا ململانێ و سازش و مانۆرەكانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە لە پێشیانەوە ئێران و توركیادا دەباتە پێشەوە.

پشتگیری دەوڵەتی فەرەنسا و ماكرۆن بۆ "كورد" كە سەرانی بزوتنەوەی كوردایەتی و نووسەرە مۆڵەت پێدراوەكان بانگەشەی دەكەن، پشگیرییە لە نوخبەی سیاسی دەسەڵات بەدەستی ئێستای كوردستان، نەك لە خەڵكی كوردستان و ئەویش تا ئەو جێگایەیە بڕ دەكات، سەروەری عێراق نەباتە ژێر پرسیار. ئەو دوو مەسەلەیەی كە سیاسی و نووسەرانی بۆرژوازی كورد وەكو پەروەندەی مێژووی بۆ نیشاندانی دۆستایەتی فەرەنسا بۆ "كورد" و " هەرێمی كوردستان دەیخەڕوو، جێگای گاڵتەجارییە.

فەرەنسا هەرگیز فریاد رەسی خەڵكی كوردستان نەبووە، نە بریاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش و نە هەلوێستی لە دوای روداوەكانی ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ ، فەرەنسا ناكات بە دۆستی "كورد". با كەمێك لەو دووخاڵە وردبینەوە.

بریاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١ دا، پرسی سیاسی خەڵكی كوردستانی هێنایە خوارەوە بۆ پرسی ئاوارەكان، واتە ئەم بڕیارە پشتیوانی سیاسی نەبوو لەخەڵكی كوردستان، بەڵكو بریاری لەسیاسەت خستنی پرسی خەلكی كوردستان بوو بۆ هاوكاری ئاوارەكان، كە بەملیۆنان ئینسان لەدەست زوڵمی سیاسی و سەركوتی نەتەوایەتی بەعس ئاوارە بوون، فەرەنسا و دنیای قازانج پەرستی بۆرژوازی لە جێگای ئەوەی ئاوارەیی خەڵكی كوردستان وەكو دەرهاویشتەی زوڵمی نەتەوایەتی و سەركوتی سیاسی بەعس تەماشا بكەن و ڕیگاچارە و پرۆژەی سیاسی بۆ بخەنەروو، پاراستنی كوردەكانیان بە راگرتنی جمجۆڵی ئاسمانی بەعسدا كورت كردەوە و خەڵكی كوردستانیان لە خاوەن پرسێكی سیاسیەوە كردە خەڵكی لێقەوماوی كارەسات دیدەی رووتی دابڕاو لە زوڵمی قەومی و سەركوتی سیاسی، وەكو ئەوەی كوردەكان و كێشەی سیاسی خەڵكی كوردستان، كێشەی بۆردمان و فرینی فرۆكەكانی عیراق بەسەر خەڵكی كوردستان بێت.. دیارە بەم سیاسەتەشیان كوردستانیان كردە ئۆردوگا و دانیشتوانەكەشیان لە ناسنامەی سیاسی و حقوقی خست و ئیرادەیان بەرگری لەخۆكردن و تیكۆشان لاوزكرد و دەرگایان بۆ تەراتێنی وڵاتەكانی ناوچەكە كردەوە. بەمەش نەك كوردستانیان بە ئاقاری ئارامیدا نەبرد، بەڵكو كردیانە جێگا و جغرافیایەكی بێ دەرگا و پەنجەرەی بێ سنور و نا سەروەر و بێناونیشانی حقوقی لە دنیادا. هەر لەژێر ئەم سیاسەتەشدا تاوانی ٣١ ئابی ١٩٩٦ روویدا. تاوانی كوشتار و تیرۆری سەدان كادر و چالكوانی وڵاتانی ناوچەكە روویدا، تاوانی بەدەسەڵات گەیشتنی دزو مافیاكانی ئیستاش بەرهەمی هەر ئەو سیاسەتە بوو.

دوای ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧، دەسەڵاتی ناوەندی عێراقی دۆست و دەست پەروەردەكراوی ئەمریكا و غەرب و فەرەنسا، ریفراندمیان كردە پاساو بۆ هێرش بۆسەر كوردستان، دەسەڵاتی بزوتنەوەی كوردایەتیان گێرایەوە بۆ سەردەمی هەمان سنوری قەڵەمرەوی سیاسی كە بڕیاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دیاری كردبوو واتە "ناوچەی دژە فڕین".

لەوكاتەدا فەرەنسا پەیوەندیەكانی خۆی لەگەڵ نوخبەی سیاسی هەرێم راگرت و ئەو دوورییە كاتیەی نەگرتەبەر كەبەشێكی زۆر لە وڵاتانی دنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بەغدادا، گرتیانە بەر. ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی فەرەنسا لە روانگەی سەرانی بزوتنەوەی كوردایەتی و نووسەر دوورمەودا سز و كورت بینەكانەوە، وەكو فریادرەس وێنا دەكەن... لە وەختكدا كە رۆشن بوو ئەو قەڵەمڕەوییە سیاسییەی حزبەكانی بزوتنەوەی كوردیەتی كە بەهاتنی داعش فراوان ببوو، بەدوای جەنگی داعشدا دەبوو وەكو پێشووی لێبكرێتەوە. كاتێك داعش لە رووی سەربازییەوە تێكشكا، گێرانەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ پێش هاتنی داعش، لەدەستوری عێراقدا بوو، ریفراندۆم كرا بە پاساوێك تا گەرانەوەی هێزەكانی عێراق بۆ بەر لە جەنگی داعش خێراتر لەوەی پێشبینی دەكرا، روویدات. لەوەش زیاتر لە دەستوری عێراق و هیزەكانیدا نەبوو، لەوە زیاتر پێشرەوی بكەن. هاوكاتیش دەسەڵاتی ناوەندی و هیزی چەكدارەكەی ئەگەر پێشرەوی زیاتریان كردبا بۆ شارو شارۆچكەكانی تری كوردستان، دەیانتوانی كۆنترۆڵی كاتی كوردستان بكەن، بەڵام توانای مانەوەیان نەبوو، وەخەڵكی كوردستان نەیدەتوانی قبوڵی بكات بۆیە دەستیان بۆ مغامەرەیەكی لەپێشدا دیاری شكستخواردوو نەبرد. ئەوكاتە نە فەرەنساو نە ئەمریكا و دەنگیان لێوەنەهات و وەكو پرسێكی ناوخۆیی عێراق مامەڵەیان كرد، كەچی زۆر بێ شەرمانە میدیای كوردی و بزوتنەوەی كوردایەتی و بەتایبەتیش میدیای پارتی، رۆڵی فەرەنسا و ماكرۆن وەكو فریادرەس تەماشا دەكەن!!.

ئەمریكا و غەرب و فەرەنسا و ماكرۆنەكان... بەدوای بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەكانیان و هەژموونی زۆرتر و ناوچەی فراوانتری جێ نفوزدا وێڵن، نەك ویستی ئازادی و ئازادیخوازی و پاریزگاری لە خەڵكی ستەم دیدەو خاوەن كیشەی سیاسی لە دنیادا. بۆ ئەم ئامانجەشیان ئامادەن دەست لەگەڵ داریزیووترین دەسەڵات، قەسابیترین دەسەڵاتی دیكتاتۆر، و دەیان گروپی وەكو داعش و تاڵیبان... تیكەڵ بكەن.

پشتیوانی ئەمریكا و غەرب و فەرەنسا لە "كورد" كە دیارە مەبەستیان دەسەڵاتی سیاسی كوردە، راستەوخۆ بەمانای پشیوانی ئەوانە لەو دەسەڵاتە مافایی و دزو سەركوتگەرە لەبەرامبەر ویستی ئازادی و ئازادیخوازی و ماف و داواكارییەكانی خەڵكی كوردستاندا.

بزوتنەوەی كرێكاریی و نارەزایەتی جەماوەری لە ئەمریكا و غەرب و دنیادا، كە بەدژی جەنگ و ملهوری دەستێوردانی ئەمریكا و غەرب هاتنە مەیدان تا دەگات بە هێلەك زەردەكانی فەرەنسا كە بۆ كەمكردنەوەی تەمەنی خانەنشینی، بۆ كەم كردنەوەی سەعاتی كار، ژیانێكی باشتر هاتنە مەیدان... تا دەگات بەسەرجەم بزوتنەوە ئازادیخوازو ئینسان دۆستەكان دەتوانن هیزی پشتیوانی لە خەڵكی كوردستان و جەماوەری ستەم دیدە بن، نەك مافیاكانی دەسەڵاتی سەرمایە، كە لە پێناو چاوچنۆكی سەرمایەو بەرژەوەندیەكانیاندا، ئۆردی بێكاریی و برسێتیان، بەو پەری خۆ گەیاندووە، دنیایان نوقمی جەنگ و داڕوخان كردووە، دەستیان لەناو دەستی تاڵیبانەكان وئاخوندەكان و ئەردۆغانەكان و پارێزەری چاڵە نەوتەكانی كەنداو دایە.

**عەبدوڵا مەحمود**

**كۆتایی ئۆگەستی ٢٠٢١**

**بریاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١ دا، پرسی سیاسی خەڵكی كوردستانی هێنایە خوارەوە بۆ پرسی ئاوارەكان، واتە ئەم بڕیارە پشتیوانی سیاسی نەبوو لەخەڵكی كوردستان، بەڵكو بریاری لەسیاسەت خستنی پرسی خەلكی كوردستان بوو بۆ هاوكاری ئاوارەكان، كە بەملیۆنان ئینسان لەدەست زوڵمی سیاسی و سەركوتی نەتەوایەتی بەعس ئاوارە بوون، فەرەنسا و دنیای قازانج پەرستی بۆرژوازی لە جێگای ئەوەی ئاوارەیی خەڵكی كوردستان وەكو دەرهاویشتەی زوڵمی نەتەوایەتی و سەركوتی سیاسی بەعس تەماشا بكەن و ڕیگاچارە و پرۆژەی سیاسی بۆ بخەنەروو، پاراستنی كوردەكانیان بە راگرتنی جمجۆڵی ئاسمانی بەعسدا كورت كردەوە و خەڵكی كوردستانیان لە خاوەن پرسێكی سیاسیەوە كردە خەڵكی لێقەوماوی كارەسات دیدەی رووتی دابڕاو لە زوڵمی قەومی و سەركوتی سیاسی...**

# درێژەی.١٥ محامی یاداشتیکی نارەزایەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی سلێمانی بلاّودەکەنەوە...



نارەزایەتیان بلاوکردۆتەوە کە ئاراستەی دەزگا راگەیاندنەکان و داواکاری گشتی و دادگا و هاوسەرۆکانی و کۆنسولّی وڵاتەکان و.... کردووە، داوا دەکەن کە ئەم بارگرژیی و نائارامیەی سلێمانی و بەتایبەتی سەرچناری گرتۆتەوە، لە ریگای جولاّندنی هێز، بازگە دانان، هیز کۆکردنەوە، هەرەشەی سیاسی... کۆتایی پیَ بهینرێت و لەجێگای ئەوە رێکاری یاسایی و پەیرەوی ناوخۆیی بەدەستەوە بگیرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکان. هەروەها هەرەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر بەزووی ئەم دۆخە نائەمنیەی سلیّمانی کۆتایی پیَ نەهێنن ریکاری تری توندتر دەگرنە بەر و سزای یاسایی لەسەر تۆتباران تۆمار دەکەن.

## تا بانگەشەی چاکسازی زۆرتر دەبێت، دزی و تالاّنیش بەرینتر دەبێت




بەپێی چەند سەرچاوەیەک حکومەتی هەرێمی کوردستان!! خەریکی کرینی ئۆتۆمبیلە بۆ بریکاری وەزیرەکان. ئەوە لە کاتێکدایە نەفرەتی جەماوەری بەبەردەوامی بەشی هەرەزۆری رووی لە تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی خەڵکی کوردستانە. وە لەکاتێکدایە کە تادێت زوربەی هەرەزۆری جەماوەری کوردستان هەژارتر دەبن و قورسایی نەبوونی و بێکاری و گرانی بازاڕ تەنگیان پیَ هەڵدەچنێت. کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم خەریکی قەڵەوکردنی داهاتو ئیمتیازاتی وەزیر و گزیرەکانیەتی. هەروەها موچەو ئیمتیازاتێک کە وەزیرەکان و بریکارەکان و ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، وەریدەگرن بەشی ئەوە دەکات هەر چەند مانگ جارێک ئۆتۆمۆبیلی مۆدێل بەرز بکرن، کەچی حکومەتی مافیایی خەریکە لە داهاتی دەستبەسەرداگیراوی کوردستان دوبارە ئۆتۆمۆبیلی گران بەها بۆ وەزیر و گزیر و لیستی بەرپرسە بێکارو بیَ رِۆڵەکان دەکرِێت.

ئەم هەنگاوانەی حکومەتی بەناوچاکسازی ئەو راستیە پشت راست دەکاتەوە، کە ئەم دەسەڵات و حکومەتە کارتۆنییە، نەک توانای چاکسازی نییە، بەڵکو دزی و تالاّنی بۆتە دیارترین ناسنامەیی و مۆری ریسوایی بەناو تەوێڵیەوە. ئەم دەسەڵاتە دەبێت بڕوات. بۆ ئەوەی داهاتی خەڵکی بێبەش بۆ هاوڵاتیان بگێردرێتەوە... پێویستە بە هێزی جەماوەری رێکخراو و تێکۆشەر ئازادیخواز رابماڵرێت، تا رێگە لە دوبارەبوونەوەی دەسەڵاتێکی تری دز و گەندەڵ بگرێت، کە خۆیان بۆ دوای کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتە ئامادە دەکەن.

# درێژەی...دزی و تالاّنی لە زمانی خۆیانەوە...

بەتاڵیش بێت (15هەزار دینار) وەردەگیرێت، ئەمە بۆ بازگەکانی دیکە راستە کە دێنە هەولێر هەندێک جار پشکنین هەر ناکرێت و تەنیا پارە وەردەگیرێت، بەتایبەت بۆ ئەو بارانەی بەرزترە لەئاستی سۆنەرەکە.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت، "سەرجەم خاڵی سنوری و بازگەکانی هەولیر دراوە بە کۆمپانیای ( HANDDAWN)، بۆچی حکومەت خۆی ئەم کارە ناکات، بەپێی بەدواداچونی من نرخی یەک ئامێری سۆنەر (100هەزار دۆلارە)، واتە: 10 ئامێر (ملیۆنێک دۆلار) ، بەڵام ئەم دوو کۆمپانیای کە یەکیان بۆ سنوری سلیمانیەو ئەوی دیکە بۆ هەولێرو دهۆک ساڵانە نزیکە( 80 ملیۆن دۆلار ) لە هاولاّتیان وەردەگرن، هەروەها چەندین کۆمپانیای دیکە لەسەر حسابی



بەرژەوەندی گشتی لە خاڵە سنوریەکان دامەزراون و مانگانە ملیۆنان دۆلار وەردەگرن".

بەپێی وتەی ناوبراو سۆنەری بازگەو خاڵە سنورییەکان دەرگایەکی گەورەی گەندەڵییە.

سەیر ئەوەیە عەلی حەمە ساڵح ئەو دزیە ئاشکرایەو دەیان جۆر دزی تری ئاشکرای راستەوخۆ و ناراستەخۆ، ئاشکراو نهێنی، بە فەرمی کراو نافەرمی، بە گەندەڵی ناو دەبات و لەوەش زیاتر چاوەڕوانی ئەوەیە سەرۆکی دزەکان کە سەرۆکی حزب و کەسانی دەست رۆشتوی بنەماڵە لە پشتیانن، بجولّین و کۆتایی بەم دزی و تالاّنیە ئاشکرایە بهێنن... یان چاوەڕوانە پەرلەمان وەکو دەزگایەکی کارتۆنی و سەرچاوەیەک بۆدزی و تالاّنی بەیاسایکراو جێگایەک بۆ دەوڵەمەندبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کادری گویَ لەمست، رِیگا لەو دزیانە بگرێت...

خودی ئەو چاوەڕوانییە کە عەلی حەمە سالح لە پەرلەمان و دەسەڵات هەیەتی، وە ئەوە کە بەو دزییە ئاشکرایە دەڵێت گەندەڵی... خۆی تاوانکارییەکی ئاشکرایەو دزی و گەندەڵیەکی بواری راگەیاندن و خوێندنەوەیەی لینگەو قوچە بۆ دزی سیستماتیکی دەسەڵات.

- **ئەوەی دەبیَ لە کوردستان بارگەو بنەی بپێچێتەوەو وەدەربنرێت، بنکەو بارەگا جاسوسیەکانی دەوڵەتی ئیران و باندە رەنگاو رەنگە تیرۆریستیەکانیانن، نەك هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان...**

# شکستی ئابڕوبەرانەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان...

عەبدوڵا مەحمود

٢٠ ساڵ لەمەوبەر دەوڵەتی ئەمریکا لە چوارچیوەی جەنگ" لە دژی تیرۆریزم" دا، هیرشی سەربازی کردە سەر ئەفغانستان و دەسەڵاتی تاڵیبانی روخاند. ئامانج لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان دوورو نزیک پەیوەندی بە" شەر لەدژی تیرۆریزم" نەبوو. سەرچاوەکانی تیرۆریزم و دەوڵەتە تیرۆریستەکان، وەکو پاکستان، عەرەبستانی سعودی، ئیرانی ئاخوندەکان، تورکیا... بە بەراورد بە ئەفغانستان، غولەکانی تیرۆریزم و سەرچاوەی تیرۆری ئاشکرا بوون. بەبەرچاوی دنیاوە تیرۆریان ئیستیراد دەکەن، گروپی تیرۆریستیان دروست دەکرد و رەوانەی گۆشەو کەنارەکانی دنیایان دەکرد، هاوکاری باندە تیرۆریستەکانیان لە دنیادا لە ئەستۆ گرتبوو...تاڵیبان و ئەفغانستان لەچاو ئەو دەوڵەتە تیرۆریستانە، پیگەیەکی لاوازیان هەبوو. عەرەبستانی سعودی و پاکستان، بە وینەی دوو هاوپەیمانی ئەمریکاو غەرب، دوو دەوڵەتی پایەداکوتراو لەسەر تیرۆر و هاوکاری تیرۆریزم بوون. ئەمریکا کیشەیەکی لەگەڵ تیرۆر و تیرۆریزم نییە، هەروەکو چۆن دیموکراسییش، دەتوانێت تیرۆرو رەوتە تیرۆریستەکان، لە ئامیزی کراوەیی خۆی بگرێت و دەرفەتی کراوەیان بۆ بەفەرمی بناسییێت کە ناوەندی شارەکانی دنیا بکەنە دیمەنی قوتکردنەوەی مزگەوتەکان و بە پارەی پترۆ دۆلاری سعودی "روح پۆست مۆدیرنیزم" ئاو بدەن و ناسنامەی جیهانی ئینسانی، بکەنە پاشکۆی "کەلتوری خۆ" و " لەژێر ناوی فرە کەلتوری و رێزگرتن لە جیاوازییەکان" دەستی قەوم و دین و مەزهەبەکان ئاوەڵا بکەن، و جەماوەری ئەم ناسنامە پێوە لکاوانە... بکەنە نیچیری بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسییەکانیان.

هیرشی ٢٠ ساڵ لەوەپیش بۆ سەر ئەفغانستان و پاشان عیراق... لەگەڵ ئەوەدا هەردوو دەسەڵاتی ئەو دوو وڵاتەی ڕوخاند، و هەردوو کۆمەڵگەکەی توشی دارمانێکی گەورەکرد و نەزیفی خوێن بەربوونی ئەو کۆمەڵگەیەیانەی لە جەنگی ناوخۆیدا، کردە جۆگەلەی دیموکراسی و بۆرژوایی و "نەزمی نوێ" دنیاوە. بەڵام پەیام و ئاراستەی ئەم ملهوری و جەنگەی ئەمریکا، نە ئەفغانستان و نە عیراق و نە لیستی وڵاتانی ناو میحوەری شەڕ وەکو ئیران و کوبا، بوو، بەڵکو هەوڵی ئەمریکا بوو بۆ سازدانی نەزمێکی نوێی یەک قوتبی کە ئەمریکا رابەر و کاپنی بێت و ڕیگە بگرێت لەوەی جارێکی تر، قوتب و بلۆکی تر لەبەرامبەریدا سەرهەڵبدەن و بەڕووی بەرژوەندیەکانیدا بوەستنەوە. جەنگ لە "دژی تیرۆریزم" و پاشان" پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" تەنها ناو و چوارچیوەیەک بوو، بۆ ئەم ئامانجە.

سیانریست لەسەرشانۆی روداوە سیاسییەکان رۆڵ دەگێرن. پێگەی وڵاتانی دنیا لەوە دەرچووە تەنها رۆڵی گوێرایەڵییان هەبێت و ملکەچی بێ چەندو چونی زل هێزەکان بن. لەو نێوەشدا رۆڵی ئەمریکا لەنزیک بوونی قوتبە ناوچەیەکان و کاریگەرییەکانی لەسەریان، لە بەرامبەر




دەوڵەتی ئەمریکا، چ لە بنیاتنانی پایەکانی دنیای یەک قوتبی وەکو ئامانج و چ وەکو شەر "لەدژی تیرۆریزم" بەوێنەی پاساو و ئامرازی ئامانجی لەبەین بردنی ژینگەی زیندوبوونەوە دنیای چەند قوتبی... توشی شکست و دارمانێکی خێرا بوو.

بنیاتنانی دنیای یەک قوتبی زۆر زوو گۆڕا بە خەونێکی نەزۆک، لەلایەکەوە چین وەکو غولێکی گەورەی سەرمایەداری و کۆنترۆڵکردنی بازاری بازرگانی و پەل هاویشتنی بێ گەرانەوەی بۆ پانتایی دنیا، وە روسیا بەوێنەی نەیاری توانای سەربازی و چەک لەگەڵ ئەمریکا، و لەوەش زیاتر شۆڕکردنەوەی ئاستی دەخالەتی لەوڵاتانی ئەزمەگرتوو و نائارامی سیاسی و ناوەندی ململانێکان... ئەمریکایان لەگەڵ بن بەستێکی پێشبینیکراودا ڕووبەڕوو کرد. ئەمریکا نەک تونایی بوون بەژاندارمی تاقانەی لەبەرامبەر بلۆکی روسی و چینی و ئەورووپیدا لەدەستدا، بەڵکو لە ئاستی قوتبە ناوچەییەکانیشدا، ڕۆڵی رابەری لەدەستدا و بەشیک لە وڵاتانی دنیا وەکو ئیران و تورکیا خۆیان بوونە کاراکتەری کارای ناوچەیی و لەوە دەرچوو تەنها رۆڵی نیابەتی بۆ زلهێزەکان بگێرن... تەنانەت وڵاتانی لەچەشنی سعودیەو قەتەریش بەجیا لەوەی هاوپەیمانی ئەمریکان، بەڵام خۆشیان وەکو رەقیبەکانیدا لە هەموو کات لاوازترە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا بەوێنەی گۆڕەپان و ژینگەیەک بۆ دەخالەتگەری ئەمریکا تا هاتووە بەرتەسک بۆتەوەو لەبەرامبەردا روسیا و ئەورووپا، ئەسپی خۆیان تیادا تاو داوە. بۆیە لە ئاستی دنیاو ناوچە و ناوەندەکانی جێگا ململانێی دنیادا، ئەمریکا توشی پاشەکشەو دارمانێکی کەم وێنە بۆتەوە. لەوەش زیاتر توانستی بەرگرتن بەو پیشرەویانەشی نییە کە چین لە مەیدانی ئابوری و بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی بازاردا بەخێرایەکی زۆر دەچیتە پیشەوەو لە ئاستی توانایی چەک و سەربازی و دەخالەتی سیاسیشدا، روسیا نەک هەر لە پێشرەویدایە، بەڵکو بە کردەوە بۆتە یاریچیەکی سەرەکی لە زۆربەی ئەو ناوچەو ولات و دەوڵەتانەی مەیدانی بەرامبەرکێ و چەقی گۆرانی هاوسەنگی هێزن لەئاستی جیهانیدا.

شەری دریژخایەن "لەدژی تیرۆریزم" پاشان بانگەشەی" رۆژهەڵاتی گەورە" روخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و دەسەڵاتی بەعس لە عێراق...وەکو پاساو ئامرازی داسەپاندنی نەزمی نوێی دنیا، هەم تیرۆرو پانتایی بۆ تیرۆریزم وگروپ و دەستە تیرۆریستەکان و هەم رۆڵ و پشتیوانی وڵاتانی لەچەشنی ئیران و پاکستان و تورکیا و قەتەر و عەرەبستانی سعودیە...تاد. بۆ تیرۆر و تیرۆرستان، زیاتر و ئاشکراتر کرد. ئەمەش ئاستی داوکاری وڵاتانی پشتیوانی تیرۆری تا ئەو رادەیە هینایە پیشەوە کە بەئاشکرا دوای بەشی سیاسی بۆ رەوتگەلی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لە واقعیەتی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دنیادا، بکەن. لەو ڕیڕەوەدا ئیسلامی سیاسی بووە یاریچیەکی کارا بۆ داوای بەشی سیاسی و بە فەرمی ناسینیشی... سات و سەودای بەردەوام لەگەڵ رەوت گەلی لە چەشنی داعش و تاڵیبان و بەرهەمی شکسی ئەمریکا و خستنەرووی درۆی جەنگ لە دژی تیرۆر و بەهەواداچوونی بانگەشەی" رۆژهەڵاتی گەورە و دیموکراسی" یە.

ئەمریکا لە عێراقدا دەسەڵاتی بەعسی روخاند... بەڵام ئەمە نە دیموکراسی!! بۆ عێراق هێناو نە توانی عێراق بنیات بنێتەوە و نە توانیشی مۆدێلکی حکومی لەبەعس باشتر دابمەزرێنی... بەپێچەوانەوە، عیراق بووە مەیدانی بەرامبەرکییەکی تیرۆریستی و جێگایەک بۆ پێگەیاندی تیرۆریستان و یەکێک لە نائەمنترین شوێنی دنیا، هاوکاتش شەری ناوخۆیی، دابەشکاری قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی... کردە دیوەزمەیەک بەسەر خەڵکی عێراق و ناوچەکەدا... وە هیزەکانی ئەمریکا بەناچاری و لە ژیر گوشارو چالاکی هیزەکانی سەر بەئیران ناچار بە پاشەپیکردنی هێزە سەربازییەکانی بوو...لە دیرێکدا لە عێراقدا بە کردەوە ئیران سەرکەوت و بووە خاوەن بریاری سیاسی و حکومەت لەبەغدا، بەپلەی یەکەم گوێ لەمستی دەسەڵاتی ئیرانە.

لەسوریاش بەهەمان شیوە دەستێوەردانی ئەمریکا، هەم سوریای کردە مەیدانی ململانێیەکی ناوچەیی و جیهانی و کۆمەڵگەی سوری داروخاند، هاوکاتیش بەکردەوە بووە مەیدانی باڵادەستی ئیران و دەستیوەردانی روسیاش بە قەبارەی گەورەتر لە رۆڵی ئەمریکا. واتە لە سوریاش شکست.

لەئەفغانستانیش کەپێش ٢٠ ساڵ تاڵیبانی روخاند... نەک هەر توانای بنیات نانەوەی ئەفغانستانی وێرانکاری دەستی خۆی نەبوو، توانای دامەزراندنی حکومەتی گوێ لەمستی خۆی نەبوو، هاوکات هەموو توانایەکانی نەیتوانی ئەمنیەت بۆ ئەفغانستان بگێرێتەوە و دەسەڵاتێکی لانی کەمی جێگا متمانە و سەقامگیر دابسەپێنێت. تەنانەت توانای بەرگری لە هیزەکانی خۆیشی نەبوو... بۆیە لەویش توشی ئابڕوچوونێکی کەمەر شکێن بوو... بۆیە بەناچاری لە هاوسەنگی هێزیکدا بە زیانی خۆی ناچار بە سات و سەودا لەگەڵ ئەو تاڵیبانە بۆوەوە، کە پیشتر لەژێر ناوی تیرۆریست بوون و لایەنگری لە

بۆ لاپەڕە 11

**ئەمریکا کیشەیەکی لەگەڵ تیرۆر و تیرۆریزم نییە، هەروەکو چۆن دیموکراسییش، دەتوانێت تیرۆرو رەوتە تیرۆریستەکان، لە ئامیزی کراوەیی خۆی بگرێت و دەرفەتی کراوەیان بۆ بەفەرمی بناسییێت کە ناوەندی شارەکانی دنیا بکەنە دیمەنی قوتکردنەوەی مزگەوتەکان و بە پارەی پترۆ دۆلاری سعودی "روح پۆست مۆدیرنیزم" ئاو بدەن و ناسنامەی جیهانی ئینسانی، بکەنە پاشکۆی "کەلتوری خۆ" و " لەژێر ناوی فرە کەلتوری و رێزگرتن لە جیاوازییەکان" دەستی قەوم و دین و مەزهەبەکان ئاوەڵا بکەن، و جەماوەری ئەم ناسنامە پێوە لکاوانە... بکەنە نیچیری بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسییەکانیان.**

پرسی رۆژ گۆشەیەکە هاوڕێ ئاراس رەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەك لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە خستنە رووی پرسیارێك بەسەر دەکاتەوە...

پرسی رۆژ


# لەم ژمارەیەدا سالار حەمەسەعید لە وەڵام بەپرسی رۆژدا...

**ڕادەستکردنی دەسەڵات لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان بە بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر باوەشێنکردنەوەی کۆنەپەرستی بۆ ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەو کوردستان؟ پشت بەستن بە ئەمریکا چ مانایەک دەگەیەنێت، کوردستان بە نموونە؟**

سالار حەمە سەعید: پاش ٢٠ساڵی ڕەبەق و لە ١٥ ی مانگی ئابی ئەمسالدا تالیبان دووبارە دەسەلاتی گرتەوە دەست. پاش ئەوەی ئەمریکا لەژێر ناونیشانی "جەنگی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریزم" بارو ڕەوشێکی هێنایەکایەوە کە هەرچی لەوەدوا ڕوویدا ئاکامی ئەو سیاسەتە شەڕەنگێزەی بوو. داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا لەچوارچێوەی "جەنگ دژ بەتیرۆر" بارو ڕەوشێکی هێنایە پێشەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خۆیان خوڵقێنەری بوون بەتایبەتی پاش ١١ی سێپتمبەر ٢٠٠١ کە تەواوی ئارامی و ئاسایشی جیهانی هەژاند.

ئەمریکا و بزوتنەوەی تالیبان لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ دا گەیشتنە ڕێکەوتنێک بەوپێیە هێزەکانی ئەمریکا لە ١ی ئایاری ٢٠٢١ دا لە ئەفغانستان بکشێتەوە. هەروەها جۆبایدن لەدرێژەدان بە سیاسەتی ترەمپ لەمەڕ کشانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەستی دایە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەی نێوانیان لەگەل تالیبان. ئەوەی ترەمپ دەستی پێکردبوو بایدن تەواوی کرد، هەروەک حکومەتی ترەمپ چۆن لە گفتووگۆ و ڕێکەوتن دابوو لەگەڵ هێزەکانی تاڵیبان لە مانگی شوباتی سالی ٢٠٢٠ کە لە دەوحە ڕێکەوتبوون، هەرواش بایدن درێژەپێدەری ئەو ڕەوتە بوو تاگەیاندیە ئەمرۆژە.

شەڕ لە ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە کۆتایی پێنەهاتووە، هێشتا بەلانی کەمەوە ئەمریکا توانای پەلاماری ئاسمانی هەیە. لەڕاستیدا یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی دەستکێشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانساتدا ئەوەیە کە دەیەوێ ئەو توانا و ئیمکاناتەی هەیەتی بەهەدەری نەدا، و لەو ناوچانە بەبێ سوود نەیانهێڵێتەوە تابتوانێ دەستی کراوەتر بێت لە هەرچی زیاتر توندتر پێشبڕکێکردن لەگەڵ چیندا. ئەمریکا هێزەکانی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە خزمەت کردن بە ئامانجێکە کە زۆر لەوە گەورەترە کە بەئاشکرا بانگەوازی بۆ دەکات ئەویش هەوڵدانیەتی بۆ پشتیوانی کردن لە هەژموونی ئەمریکا لەناوچەکە، نەک لاوازکردنی. ڕادەستکردنەوەی ئەفغانستان بە بزوتنەوەی تالیبان لەڕاستای بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەورەیەیە.




هەروەک دەبینرێ لەئێستادا چەقی قورساییەکانی سەرمایەداری لە یەک شوێندا نییە، چیدی وەک جاران لە ڕۆژئاوا لەنگەری نەگرتووە. بەلام ئێستا سەرهەڵدانی زیاتر لە چەقێکی قورسایی دەبینرێ. چەقی قورساییەکان لە رۆژئاواوە دەچێت بەرەو رۆژهەلات، و هێزگەلێکی وەک چین و روسیا سەر دەردێنن. لەڕاستیدا بەپێی دۆنالد ترەمپ بوایە دەبوا دوا رۆژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ١ ی ئایاری ئەمساڵ بوایە. بەڵام جۆو بایدن رۆژی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی گۆڕی بۆ ١١ی سێپتەمبەر، واتە تەواو پاش ٢٠ سال لە پەلامارە تیرۆریستیەکە بۆسەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک. بەم ڕادەستکردنە ملیۆنەها خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەونە بەر چارەنووسێکی ترسناک و نادیارەوە. ئەوان تەنانەت ئەو درۆ شاخدارانەی کە دەرخواردی خەڵکیان دەدا، گوایە هاتوون بۆ ئەفغانستان تا دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری بسەپێنین بەسەر ئەو کەسانەی کە لە ١١ی سێپتێمبەردا پەلاماریان داون، و بەپێی وتەکانی خۆیان بێت ئەوان چەندین ساڵ دەبێت کە ئامانجەکانیان پێکاوە. بەم ئۆپەراسیۆنەی کە ئێستا لەحاڵی ڕوودایە، گواستنەوەی چەند هەزار ئەفغانیەک بۆناو ئەمریکا و پاراستنیان لە دەسەلاتی تالیبان و رزگارکردنیان لە دڕندەیی و وەحشیگەری و ئۆتۆکراسی تاڵیبان، تەنها دەیانەوێ سیناریۆیەکی کۆنی پووچ دووبارە بکەنەوە کە تەنها بۆهەڵخەڵەتاندنی خەڵکە. ئەم کارەساتە ئاکامی ترسناکی لێدەبێتەوە هەروەها نائارامی و ناجێگیری دەخاتە ناوچەکەوە.

بێگومان بزوتنەوە و دەستەوتاقمە ئیسلامیەکانی کوردستان و ناوچەکە بەم گۆڕانکاریانەی ئەفغانستان و گرتنەوە دەستی دەسەڵات لەلایەن تالیبانەوە بەهەلێک دەزانن بۆ هەرچی زیاتر پێ درێژکردن لەسەر سەپاندنی بەرنامە کۆنەپەرستیەکانیان بەڕێگەی جیاواز و هەرچی زیاتر بەرەو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و منالان. ئەوەش بەڕۆشنی لە پەیامەکانی پیرۆزبایی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و حزبەکانی کوردستان بۆ دەسەڵات گرتنی تالیبان دەردەکەون. تەنانەت هیواو ئومێدی جیهاد دەدەن بە خەڵکی موسوڵمانی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی لەجۆری تالیبان و هاوشێوەکانیان لە کوردستان.

# مامۆستا عەزیز محمەد عەبدوڵا... سیمای ناسراوی چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی... بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا!!

بەرواری ٢٤ی ئەم مانگە، مامۆستا عەزیز... بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا و جێیهێشتین. مامۆستا عەزیز یەکێک بوو لە تێکۆشەرانی نەسرەوتوی کۆمۆنیزم و ڕزگاری چینی کرێکار و بێبەشان. ئەو نزیک بە چوار دەهە بێوەستان و ماندوبوون تێکۆشا.

تێکۆشانی نەپساوەی مامۆستا عەزیز، چ لە مەیدانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و چ لە زەمینەی کاری جەماوەری و هەوڵی بێ



درێغی بۆ وەڕێخستنی کاری هەرەوەزی... ئەوی کردبووە سیمایەکی خۆشەویست لە هەر دوو مەیدانی خەباتی سیاسی و جەماوەریدا. ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و ژینگە دۆستی ئەو لەپاڵ باوەڕی قوڵی بە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو و رۆڵی کارای لە زەمینەی پەروەردەو فێرکردن، وەکو مامۆستایەکی زانکۆ، مامۆستا عەزیزی کردبووە روخسارێکی خۆشەویست لەناو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و مامۆستایان و قوتابیانشدا.

مامۆستا عەزیز... لە ریزی پێشەوەی زوربەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی کوردستاندا بوو لە پێناو ژیان و گوزەرانیکی باشتردا.

بەداخەوە کۆڕۆنا ڤایرۆس، ڕیگەی نەدا مامۆستا عەزیز چیتر درێژە بەخەبات و تێکۆشانی بدات، لە پێناو دنیایەکی باشتردا و بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا.

ژیانئاوایی یەکجاری مامۆستا عەزیز خەسارەتێکی گەورە بوو لە بزوتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا.

ئێمە وەکو ستافی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، بۆ مەرگی ناوادەی مامۆستا عەزیز، سەرخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی خێزان و کەس و کارو هاوڕێ و هاوپیشەکانی و سەرجەم هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی و جەماوەری دەکەین.

بەرزو بەڕیز بێت یادی خەباتکارانەی مامۆستا عەزیز و سەرجەم رێبوارانی ریگای دنیایەکی باشتر

**ستافی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**


**٢٥/٨/٢٠٢١**



# شکستهێنان لە ئەفغانستان و تێکچوونی ئاسایشی جیهان!

نووسینی: کریستۆفەر لەڵێکساندەر: سەفیری پێشووی کەنەدا لە ئەفغانستان

و: حەسەن ڕازانی



ئەمە وێنەی دیوی دەرەوەی فڕۆکەخانەی کابولی پایتەختی ئەنفغانستانە لە ٢٠-٨ دا گیراوە، خەڵک دەیەوێت خۆی دەربازبکات. ئەو منداڵە شیرە خۆرە بەرزکراوەتەوە بەسەر تەلی دڕکاوی دیواری فڕۆکەخانەی کابول و دەدرێتە سەربازانی ئەمریکا کە لە دیوی ناوەوەی فڕۆکەخانەکەدان. چونکە ڕێگە یاساییەکانی تر گیراون لە لایەن تاڵیبانەوە.

چاوخشاندنەوەیەک بەو کارو پلانە ستراتیجییەی کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی پەیمانی ناتۆ ئەنجامیان داوە لە ئەفغانستاندا، شکستەکەی بووە هۆی ئەوەی تاڵیبان دوای ١٨ ساڵ لە ١٥-٨ دا دەست بەسەر کابوڵدا بگرێتەوە. من لێرەدا تووشی سەرسامییەک بووم بە تایبەتی بە ڕووداوەکانی دوومانگ کە ١٨ ساڵ نێوانیان بووە.

یەکەم ڕووداو مانگی ئازاری ٢٠٠٣ بوو. خالیدی شێخ محمد، لەژێر ناوی موختار، کە ئەندازیاری سەرەکی موئامەڕەی ١١ی سێپتەمبەر بوو. کەسێکی پاکستانی کە خەڵکی بلوجستان بوو، وە کەسێکی گرنگی سەر بە موخابەڕاتی پاکستان بوو کە کاری بۆ عبدول رسول سەیاف دەکرد کە ئەویش ڕابەری یەکێک لە حەوت حیزبە موجاهیدەکانی ئەفغانستان بوو لە کۆتاییەکانی ١٩٨٥دا. ئەو کەسە پاکستانییە کارئاسانی بۆ ئوسامە بن لادن کرد کە سەردانی یەکێک لە ژنەکانی بکات لە شاری کەڕاتشی لە ساڵی ٢٠٠٢ یان لە سەرەتای ٢٠٠٣دا.

لە ١ی ئازاری ٢٠٠٣دا، موخابەڕاتی پاکستان لە نێو پاکستاندا لە شاری ڕاوڵپەندی خالید شێخ محمدی گرت و لە دواییدا تەسلیم بە ئەمریکای کرد. لە دوای ئەوە خالید تووشی ئەشکەنجەدان بووەوە، نەهێڵرا بچێتە بەردەم دادگا، وەک دیلی جەنگ خرایە زیندانەوە، ئینجا لە دادگایەکی مەدەنیدا تۆمەتبارکرا. ئەوەش پێچەوانەی پەیمانی جنێڤ بوو. ئێستا خالید لە ئەمریکا لە زینداندایەو چاوەڕێی سزای لەسێدارەدانە.

موختار هەر پێش گەیشتنی وەفدی سەربازی پاکستان بۆ واشنتۆن گیرا. وەفدەکە ڕاستەوخۆ بە سەرۆکایەتی دیکتاتۆر پەروێز موشەڕڕەف بوو کە پێکهاتبوو لە (جەنەڕاڵ محمد یوسف) خان ئەوکات بەرزترین پلەی باڵای لە ناو سوپای پاکستانیدا هەبوو، جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بە یاوەری جەنەڕاڵ ئەشفەق کەیانی کە ئەو کات بەڕێوەبەری گشتی ئۆپەڕاسیۆنەکانی سوپای پاکستان بوو، بەپێی ستیف کۆڵ لە کتێبەکەیدا بەناوی بەڕێوەبەرایەتی ئێس دەربارەی یەکەی موخابەڕات کە لە ٢٠١٤ دا چاپکراوە دەنووسێت "کەیانی بەرپرسی بەشی ئەفغانستان بووە. وەفدەکەی پاکستان بینییان کە سوپای ئەمریکاو بەڕێوەبەرانی موخابەرات بەتەواوی بە عێراقەوە خەریکبوون و چاوەڕوان دەکرا داگیری بکەن، ئەویش لە ١٩ی ئازار دەستپێکرا. گیرانی موختار باوەڕی بە ئەمریکییەکان هێنا کە لایەنی پاکستانی بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن کە بریتیبوون لەبەر یەک هەڵوەشاندنی قاعیدەو گرووپە تێرۆریستەکانی تر".

لە ڕاستیدا کە لایەنی ئەمریکا، لەبەر ئەوەی جەختیان خستەوە سەرعێراق، داواکاری تازەیان بۆ لایەنی پاکستانی نەبوو. بۆیە جەنەڕاڵەکانی پاکستان وتیان ئێتر هەلییەتی کە جەنگی بە وەکالەتیان لە ئەفغانستان دەست پێبکەنەوە. بۆیە فەرمانیاندا بە سەرکردەکانی تاڵیبان کە بگەڕێنەوە ناو ئەفغانستان و دەست بکەنەوە بە شەڕ. ئەوەبوو لە ٢٧ی ئازار لەسەر ڕێگا لە پارێزگای ئۆروزگان ڕیکاردۆ مونجویا تەمەن ٣٩ ساڵ و ئەندازیاری ڕاکێشانی ئاو کە لەگەڵ خاچی سووری نێو دەوڵەتی کاری دەکرد کوژرا لەسەر فەرمانی مەلا دادوڵا لانج ئاخوند کە سەرکردەیەکی تاڵیبانبوو و سەرپەرشتی بزووتنەوەی چەکداری دەکرد بە تایبەتی لە بەشی باشوری ئەفغانستان هەتاکو مرد لە ساڵی ٢٠٠٧. ئێتر لەوێ بەدواوە زنجیرەیەک لە هێرش کرانە سەر کرێکارانی فریاگوزاری لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٤.

لە نێوانی ئازاری ٢٠٠٣ وە تا ئازاری ٢٠٢١دا بەهۆی شەڕی بە وەکالەتی پاکستان لە نێو ئەفغانستاندا، زیاتر لە ١٢٠ هەزار ئەفغانی کوژراون، هەروەها ١٥٨ کەس لە هێزەکانی کەنەدا و ١٠ کەسی تری کەنەدیش کە مەدەنی بوون، ٢٣٥٥ کەس لە هێزەکانی سوپای ئەمریکا، ٤٥٦ کەس لە هێزەکانی بەریتانیا، ٥٣٤ کەسی تر کە سەر بە وڵاتانی ناتۆ بوون، دەیان کەسی تر لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی و کرێکارانی فریاگوزاری سەر بە یو ئێن، دیپلۆماتی کەنەدی و هیندی، سەفیرێکی ئیماڕات لەگەڵ ٥ کەس لە ستافەکەی ئەو کوژراوون.

لەو هەموو ماوەیەدا هیچ جووڵەو هەنگاوێک نەهاوێژرا لەلایەن هیچ کام لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ناتۆ بۆ سەپاندنی گەمارۆ بەسەر پاکستاندا، سەرباری ئەوەی کە پاکستان شەڕێکی گەورەی بە نهێنی بەڕێوە دەبرد لە دژی ئەفغانستان، ئەمریکا، ناتۆ هەروەها لە دژی هەموو ئەو دەوڵەت و شوێنانەی کە لە چوارچێوەی یوئێندا هاوکاری ئەفغانستانیان دەکرد.

بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لایەنگری هەنگاوەکانی ئاشتی و پێکهاتنەوە بوو، کە ئەفغانییەکان ڕایانگەیاند لە کۆنفرانسی ٢٠١٠ لە لەندەن. بەڵام ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە لێرەدا وەک تەماشاکەرێک خۆی پیشاندا کاتێک ئەمریکا لەگەڵ تاڵیبان بەبێ ئامادەبوونی حکومەتی ئەفغانستان گەییشتنە ڕێکەوتن لە شوباتی ٢٠٢٠دا و بڕیاریشیدا کە لە نیسانی ٢٠٢١دا هێزەکانیان لە ئەفغانستان بکێشننەوە. لە ١٤ی نیسانی ٢٠٢١دا، جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا دڵنیایی دا کە پێش ساڵوەگەڕی ١١ی سێپتەمبەر هێزەکانیان ئەفغانستان بەجێدەهێڵن.

دووەمین مانگی گرنگ و یەکلاکەرەوە بریتیبوو لەئایاری ٢٠٢١. کەمتر لە یەک مانگ دوای ڕاگەیاندنەکەی جۆبایدن، سەرۆکی سوپای پاکستان بە ناوی قەمەر جاوید باجوا ڕۆیشت بۆ کابوڵ. ئەو لە دوای موشەڕڕەفەوە سێیەمین سەرۆک ئەرکانی سوپای پاکستان بوو، و دووەمین کەسیش بوو لە دوای کەیانی بچێت بۆ کابوڵ. جاوید لە ١٠ی ئایار گەییشتە کابوڵ بە فڕۆکەیەک کە سێر نیک کارتەر سەرۆکی ئەرکانی هێزی بەرگری بەریتانیا بۆی ئامادە کردبوو. نیک کارتەر ئەوکات سەرۆکایەتی هێزی نێودەوڵەتی دەکرد بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئاساییش لە بەشی خوارووی ئەفغانستان. بە گوێرەی ئەشڕەف غەنی، سەرۆکی ئەو کاتی ئەفغانستان، بەجوا خۆی دژی هاتنەوەی تاڵیبان بووە، بەڵام هەندێک لەئاستی خوارەوە دیدی پێچەوانەی ئەویان هەبووە. بەجوا دڵنیایی داوەتە ڕۆژنامەنووسان کە پاکستان ئاشتی دەوێت لە ناوچەکەدا. هەر ڕۆژی دوایی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن پاکستانەوە دەستی پێکردو ٩٥ ڕۆژی خایاند تا گەییشتنە کابوڵ.

هەتا کۆتا ڕۆژیش ئەمریکاو هاوبەشەکانی زیادەڕەوییان دەکرد دەربارەی هەل و دەرفەت بۆ ئاشتی، هەروەها بە شێوەیەکی خراپ تێگەییشتبوون لە سرووشتی واقیعی شەڕو ڕۆڵی پاکستانیشیان لەو شەڕەدا گوێ پێ نەدەدا.

بۆیە حەوت دەرس و وانە هەن بۆ پێویست بوونی گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەگەر ئێمە جیهانێکمان بوێ کە ئاساییشی زۆرتر تێدا بێت و باشتر ئامادەو پڕچەک کرابێ بۆ پاراستنی خەڵکی بێچارە و مەدەنی لە شەڕە بە وەکالەتەکان، لە سەرکوت، هەروەها لە مامەڵەی خراپ لەگەڵیاندا. ئەو حەوت پەندو وانەیەش ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: ئیتر نابێ قەت پشت بە ستراتیجێک ببەستین کە لەلایەن ئیستیخباراتەوە هەڵسەنگێنرابێت و وا بکات کە لایەنی فیعلی و سەرەکی شەڕەکە وەلا بنرێت. دەوڵەتانی ناتۆ پێویستیان بە توانایەکی نیشتیمانی و هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی بە ڕوونی تێبگەن ئاخۆ پاکستان، ڕوسیا، چین، ئێران و دەوڵەتانی تری شەڕەنگێز چی دەکەن بە ئێمەو هاوسێکانیان و هەروەها بە یەکتریش لە نێوخۆیاندا؟ هیچی تر ناتوانین کە پشت بە ئەمریکا ببەستین کە ئەو کارە بکات.

دووەم: ئەوانەی کە پلان دادەنێن و هێرشەکانیش بە وەکالەت ئەنجام دەدەن دەبێ بەرپرسیار بکرێن. دەتوانرێت بگیرێن و وەک دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت یاخود وەک تاوانبار، بەڵام نابێت وەک هەردووکیان دابنرێن. باشترین چارەسەریش بریتییە لە فراوانکردنی توانای دادگای نیشتیمانی و نێودەوڵەتی بۆ تۆمارکردنی سکاڵا و دادگاییکردنی ئەندامە

بۆ لاپەڕە 11

# پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# "ئاڕاستەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان"

نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



باسی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەوەندە کۆن و دووبارەیە کە ئیدی نەبۆ خوێنەرو نەبۆ ڕۆژنامەنووسانیش نابێتە جێی سەرسوڕمان، بەڵام ئەم باسە بۆ ژنانێک کە ڕۆژانەو هەرجارەو ڕوبەڕووی دەبنەوە وەک برینێکەو سەر لەنوێ تازە دەبێتەوە.

لەبەرئەوەی مێژووی مرۆڤایەتی وایهێناوە توندوتیژی بە سیفەتێکی (پیاوانە) بناسرێت و لەلایەن نێرینەوە پەیڕەو بکرێت، هەرئەم بۆچوونەش وا دەکات چەند شێوەیەکی جیاواز بە توندوتیژی بدەین بەپێی جیاوازی فەرهەنگەکان.

لەم باسەدا پێویست دەکات پیاوانە لە سیفەتەکانی پیاو ورد بینەوە، بە واتایەکی تر ئاڕاستەی بینینمان بە ئاڕاستەی خاڵی دەستپێکردن بێت بە ئەزموونی پیاوەتیدا بۆ ناسینی ئەو چوارچێوە دەستکردەی کە بۆ پیاوەتی دانراوە، مەرزەکانی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی میکانیزمەکانی بەشێک لەمە پەیوەست دەبێتەوە بە مەسەلەی توندوتیژیەوە.

سەبارەت بە دیاردەی توندوتیژی پێموایە ناتوانین کۆمەڵێک مەرج بێنین بیانکەین بە ئەزمون و لێکۆڵینەوە بەبێ ئەوەی درکێکی قوڵتر لە ڕۆڵی پێناسی پیاوەتیدا بزانین، لێرەوە چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە، ئەوانیش: بۆچی پیاوان ڕاستییەکان بە توندوتیژی دەگۆڕنەوە؟ یان بۆچی پەنا بۆ یارمەتی توندوتیژی دەبەن؟، ئایا لەئاستی تاکدا توندوتیژی چی بەتاک دەدات؟ چی بە پیاوەتی دەبەخشێت و نەخشی توندوتیژی لە پێناسی پیاوەتیدا چیە؟

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە پەیوەندی توندوتیژی بە پیاوانەوە ئەنجامدراوە، تیشکخراوەتە سەر پیاوانی توندوتیژ، لە بەرامبەر ژنان و منداڵانداو لەهەمانکاتدا بەرامبەر بە پیاوانیش، تائێستا کەم لێکۆڵینەوە هەیە پیاوی کردبێتە خاڵی دەستپێک بۆ مەسەلەی توندوتیژی، بەڵام بە لێکۆڵینەوەیە دەتوانین بەشێوەیەکی زانستییانە تر لێی تێبگەین، بەو مانایەی پیاوەتی چ واتایەک بۆ هەر تاکێک دەبەخشێت نەک تەنیا بۆ خودی پیاو.

توندوتیژی دژی ئافرەت کاتێک پەیڕەو دەکرێت کە پیاو توانای خۆی لەدەستدەدات لەئاست کێشەکاندا، واتە کاتێک پیاو هەست بەوە دەکات ناتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئامانجی توندوتیژی بۆ بەردەوامی دووبارە پێدانی خودە کە تێکشکان یان ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕاستیدا دەبێتەوە، لێرەوە دەتوانێت سنورێک بۆ کێشانی هێڵی مەرزی نێوان خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکێشێت و ئەو ڕق و توڕەیەیی لە ئافرەتدا خاڵی بکاتەوە.

*شێوەکانی پەراوێزگەرا و چەقگەرای توندوتیژی:


هەردوو دەستەواژەی (توندوتیژی چەقگەرا) و (توندوتیژی پەراوێزگەرا) چەمک و دەستەواژەی تایبەت بە تیۆری زانستی مرۆڤایەتین، ئەم دەستەواژانە تیۆرو وەرگیراوی شێوەی فەرهەنگی دەبەخشن بە بابەتەکە، ئەم هەوڵە دەتوانێت وابکات کە شێوە جیاوازەکانی توندوتیژی و دروست بکەن لەگەڵ پێناسی پیاوانەدا، هەروەها دەتوانێت یاری بکات، هەروەها دەتوانێت دەست و پەنجە نەرم بکات لەگەڵ پەیوەندی و پێناسێکی واقیعییانەتر بە کۆمەڵگە و پیاوەتیدا.

توندوتیژی چەقگەرا دەتوانێت وەک توندوتیژییەک درک بکرێت کە پیاوەتی!! دەسازێنێت، ئەم جۆرە دەربڕینە، شێوەیەکی توندوتیژییە کە تاک بە ئاڕاستەی ناوەندی کۆمەڵایەتی ڕادەکێشێت، هەرچی تووندوتیژی پەراوێزگەرایە بەپێچەوانەوە دەربڕاوێکی تووندوتیژیە کە تاک بەئاراستەی کەنار و دەرەوەی سنوورە کۆمەڵایەتیەکان پاڵ پێوە دەنێت، (تووندوتیژیەکی بێ ڕێزە)

بەو پێودانگە توندوتیژی چەقگەرا بە پێچەوانەی توندوتیژی پەراوێزگەراوەیە کە بە توندوتیژییەکی ئەرێنی و پەسەند و ئاسایی پیاوانە ناودەبرێت، توندوتیژییەکە سازراو لەگەڵ کۆمەڵدا، ئەم جۆرە بە بیروبۆچوونی کۆمەڵگەی پیاوانە پەیوەستە، بۆ نمونە ئەم جۆرە توندوتیژییە دەتوانێت بە توندوتیژی قارەمانی و دەربازبوون یان بەرگریکردن لەوانی دی دابنرێت.

جیاوازییەکانیان لەوەدا دەردەکەوێت کە پیشانی دەدات لە یەکلاوە توندوتیژی وەک جۆرێکی گرنگ و هەبووی کۆمەڵگەیەو ئەوە دەردەخات کە لایەنێک لەبەر پاراستنی جێ و شوێنی کۆمەڵایەتی خۆی تێدەکۆشێت، ئەم جۆرە توندوتیژییە وەک بونیادێکی گرنگتر کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت بەتایبەت بەرامبەر ڕەگەزی مێ و ئافرەتان.

# تاڵیبان مۆتەکەی ژنانی ئەفغانستان



نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی


وڵاتی ئەفغانستان و خەڵکە چەوساوەکەی کە ساڵەهایە قوربانی ململانێی شەر و داد و ستەدی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانن لە دانیشتنێکی ژێر بە ژێر و پیلانێکی درێژماوە ڕادەستی تالیبان، یەکێک لە دڕەندەترین و مەترسیدارترین هێزە توندڕەو و تێرۆریستەکانی جیهان کرا. ئەمریکا بە پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو وەک هەمیشە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە بە مەیدانی ڕمبازێن وتاڵانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە و هەروەها دوای شکستی لە بەڵێنەکانی بۆ پاساوی مانەوەی هێزەکانی لەو ناوچانە کە بە بیانووی بوونی هێزی تێرۆریستی تاڵیبان و گروپە توندرەوەکان و نەبوونی ئارامی لە ئەفغانستان جێگیری کردبون، هەروەها دوای کۆتایی بەرژوەوەندیەکانی و شکستی ئەزمونی چەند ساڵەی، ئەفغانستانی ڕادەستی هیزی تێرۆریستی تاڵیبان کرد. تالیبانێک کە خولقێنەرەکەی وڵاتانی زلهێز لەسەروی هەموویانەوە ئەمریکای پاوانخواز بوو. بوونی تاڵیبان و دروست بوونی، هەلێکی باش بوو بۆ ئەوە ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی بە بیانووی تێرۆریزم و نەبوونی ئارامی، بتوانن دەست تێوەردان لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکەن و تا ئەو جێگایەی کە بۆیان دەلوێ سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە بە تاڵان ببەن و بوونی هێزی نیزامیان هەرەشەیەک بێ بۆ وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان. هاتنەوەی تاڵیبانماڵوێرانی بۆ هەموو خەڵکی ئەفغانستان پێیە بێگومان ئەوە پرسێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەو هێزە تێرۆریستە تا سەر ئێسقان دژی ماف و ئازادی و تەنانەت هەناسەکێشانی ژنانیشە. تالیبان کە دەستی بە سەر ئەفغانستاندا گرتەوە لە گوندەکانەوە دەستیکرد بە نیکاح و بە غەنیمەت بردنی کچانی مێرمندال و دەستدرێژی بۆ سەریان. هێزی تێرۆریست و ئیسلامی تاڵیبان لە بواری سزای سەدەناوەڕاستی و دژە مرۆڤ کەسەرچاوە گرتوو لەئایینی قێزەونی ئیسلامە بەدژی ژنان وەکوو بەردباران، ئەشکەنجە وکوشتن وبڕین و تاوان، کارنامەیەکی ڕەشی بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەوەی کە جێگای سەرسورمانە، دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکا خەریکە خۆسەپاندنی تالیبان بۆسەر وڵاتی ئەفغانستان و خەڵکی ئەو وڵاتە بە پرسێکی ئاسایی دادەنێ و مەشروعیەتی پێ دەدا، ئەوان بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی وەک کاتی هاتنی خومەینی بۆ ئێران تریبون و ڕاگەیاندنیان لە بەردەستی ئەو هێزە تێرۆریستە داناوە و پڕوپاگەندە بۆ تالیبان و دروشم و وادە و بەڵێنەکانی دەکەن. بێ هیوایی و نیگەرانی ژنانی ئەفغانستان لە هاتنەوەی هێزی دژە ژنی تاڵیبانبان بە هیچ ڕستەیەک پێناسە ناکرێ. ژنان دەترسێن دوای ساڵەها خەبات وبەربەرەکانێ لەگەڵ دواکەتوویی و بیرۆکەی دژە ژن بیانبەنەوە ناو کونجی ماڵەوە و لە پڕۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوریان بخەنەوە. لە ماوەی ساڵانێک کە تالیبان لە وڵاتی ئەفغانستان حوکمی دەکرد ژنان نەیاندەتوانی بێنە ناو کۆمەڵگە و بە دزی دەیانخوێند و هیچ ژنێک بۆی نەبوو بێ پیاو بێتە ناو بازار و شەقامەوە. بەردبارانی ژنان، کوشتن وئێعدامی سەحرایی، بڕینی دەست و لاقی ژنان و سزای شەرعی لە ژێر ناوی سەرپێچی لە ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئەو وڵاتە پرسێکی ڕواڵەتی بوو. ژن تەنیا کەرەسەیەک بوون بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاوان و ئەندامێکی زاوزێ بۆ منالْ بوون. ژنانی ئەفغانستان باش دەزانن ئێستاکە کە تاڵیبان بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی مەشروعیەت بە دەسەڵاتە تێرۆریستەکەی دەدا وادەو بەڵێنەکانی ڕێک وەک کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە سەرەتای خۆسەپاندنی بەسەر ئێران دا بە ژنانی دا. کۆماری ئیسلامی کە مێژوی لە بواری کوشتن وبڕین و تاوان بە تایبەت بە دژی ژنان لە تاڵیبان رەشترە لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری وادەی ئازادی ژنانی داو رایگەیاند، پۆشش زۆرە ملی نییە، وادەیەک کە تەنیا چەند مانگی خایاند و یاسای شەرع و دواکەوتوویی بەسەر خەڵک و ژناندا سەپاند، هەر بەو جۆرەی کە دەبینین ژنان لە ئێران تەنانەت لە مافی سەرەتایی واتە پۆشش بێ بەشن. ژنان لە ئێران لە هەموو مافەکانیان بێ بەشن و سەرەرای ئەوانەش بە پێی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی کوشتن و بەردبارانی ژنان نیهادینە کراوە. لە بەرامبەر هێزی داگیرکەری تاڵیبان ژنان بە خۆراگریەوە بێ دەنگ نەبوون و لە شاری کابولی پایتەختی ئەفغانستان دەستیان کرد بە خۆپێشاندن بۆ مافی خوێندن و کار و بەشداری سیاسیان لەو وڵاتە. ژنانی ئەفغانستان بەوە گەیشتوون کە تاکە ڕێگەچارەی ئازادیان بێ دەنگ نەبوون لە بەرامبەر هێزی داگیرکەر و دژە ژنە، ئەوان بە بوێریەوە ڕژانە سەر شاقامەکان و لە بەرامبەر بینای سەرۆک کۆماری داخوازی ڕەوای خۆیان بەرز کردەوە. لەو ماوە کەمە کە تالیبان هاتوە سەر کار ژنان بە شیوەیەکی ئەکتیڤ خەریکی خۆرێکخستنن.

ژنانی ئێران کە ساڵەهایە لە لایەن ڕژیمێکی ئیسلامی و دژە ژن دەچەوسێنەوە و ئازار دەکیشن بە هانای دەنگی ژنانی ئەفغانستانەوە هاتون و بە ڕێکخستنی کەمپەین و نارەزایەتی چ لەناوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی وڵات هاوتەریبی خۆیان لەگەڵ بزوتنەوەی ژنانی ئەفغانستان راگەیاندووە و بڕیاریانداوە تا نەمانی ڕژیمە تێرۆریستەکانی وەک کۆماری ئیسلامی و تاڵیبان دەست لە خەبات هەڵناگرن..

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



# ئیلهام یان زمانی شیعر لە ئاڕاستەکردنی شاعیردا!..

نووسینی: جەمال نوری

شیعر یەکەمین ئەرکی شاعیرە. ئەگەر شیعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، ئەوەیە تەنیا کارێک بکات، مرۆڤ هەست بەمرۆڤبوونی خۆی بکات. زمانی شیعریی زمانێکە بزۆزە نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە کەلەزمانی کەسانی دیکە ناچێ پێی دەدوێن، ئەم زمانەی شاعیر لەتوانایدایە شیعربخولقێنێت.

بۆنموو ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرییەوە کە ناوی خاوەنەکەشی لەسەر نەبێت، شاعیرەکەمان ناسییەوە، ئەوا دەتوانین بە خاوەنی ئەو شیعرە بڵێین شاعیرێکە خاوەنی زمانی شیعریی تایبەت بەخۆیی هەیە کە پێی بناسرێتەوە ئەو شاعیرە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی.

شیعر بە زمانێکی هێندە باڵا دەنووسرێت، هەر دەڵێیت شای دەربڕینە. بۆ شیکارو سەلماندنی ئەوەی ئاخۆ شیعر ئیلهامە؟ یان لەدایک بوونی شیعر پەیوەست نییە بە ئیلهامەوە؟ لێرەدا شاعیران و نوسەران و نوخبەی ڕۆشنبیر دەبن بە دووبەشەوە:-

☐-کایەی یەکەم پێیان وایە نوسینی شیعر پەیوەستە بەئیلهامەوە، واتە کاتێک شیعر لەدایک دەبێ یان دەنوسرێ کە شاعیر ئیلهامی بۆبێت تاوەکو ئەرکی شیعر جێبەجێ بکات.

بەمانایەکی تر ئەم گروهەی شاعیر بڕوایان بەوەیە شاعیر لەناو کۆمەڵگاکەیدا ڕۆڵی پەیامبەرێک دەبینێ و بڕوای وایە تاوەکو ئیلهامی بۆ نەیەت ناتوانێ ئەوەی لەناو ناخییدا کینگڵ دەدات بتوانێ گوزارشتی لێوە بکات، واتە ئەم گرووپە (بڕوای تەواویان بەبوونی ئیلهام هەیە، بەمانا تەسەوفیەکەی ، ئەم جۆرە سەر بەقوتابخانەیە دەبی کلاسیکیینن لەنموونەی نالی و حەزرەتی مەحوی وسالم هتد. ئەمانە شیعر دەگەڕێننەوە بۆ بوونی ئیلهام، وەک چۆن وەحی دەنێردرێت بۆ پەیامبەر لەپەیوەست بە بڕواداری ئایینیەوە بەم جۆرەشە بۆ وەزیفەی شیعر.

☐ کایەی دووەم، ئەمان بڕوایان بە بوونی ئیلهام هەیە بۆ نوسینی شیعر، بەڵام نایبەستنەوە بەوەی ئیلهام هیچ پەیوەندی بە بەرکەوتەکانی شاعیرەوە نەبێ و لەدەرەوەی هەستە باڵاکانی خۆیەوە بۆی دابەزێت. وەک گۆرانی مەزن لێرەدا بەشیعر دەڵێت:-

کەتێناگەم، کەنازانم دەڵێ چی

بەڵام لەگەڵیا خوڕ خوڕ ڕۆحم دەگری

زمانی شیعری جوان، هەر لە زمانێک دەچێت، دەڵێیت کیژۆڵەیەکە، هێشتا پەیمانی ژووانێکی بە کەس نەدابێت.

زمانی شیعری زمانێکە پێویستی بەبوونی موزیکە واتە، موزیک تێیدا لەوپەڕی چڕبوونەوەیدایە. زمانی شیعر لەگەڵ موزیکدا پەیوەندیەکی ئێستاتێکی جوان دەیانبەستێت بەیەکەوە و هەر دەڵێیت بۆ گۆرانی خولقاوە. .

**بەنموونەی گۆرانی شاعیر دەڵێ؛-**

**کانییەکی ڕوونی گەش تریفەی مانگە شەوو**

**لەبنیا بلەرزێ مرواری، زیخ و چەوو**

**جوانترە لەلای من لەدەریایی بێ سنوور**

**شەپۆلی باتەبەر تیشکی ڕۆژ شڵپ و هوڕ**

سەبارەت بە سالمیش، وێڕای ئەوەی دیدی بۆ شیعر دەخاتەڕوو، هاوکات هەڵسەنگاندن بۆ شاعیرە کوردەکان دەکات و ستایشی نالیش دەکات. لای سالم شیعر تەنیا سەنعەت نییە، بەڵکو سەلیقە و لێزانیشە.


**ڕەنگینە هەموو شیعرم وەک نەقشی تەکەڵتووی زین**

**مەزمون کەشە فیکرم وەک قوللاپی دروم**

سەرئەنجام دەتوانین بلێین خەسڵەتی بنچینەیی شیعر زمانە

بەبێ بوونی زمان داهێنان سەری هەڵنەئەدا، وەلەهەمان کاتدا زمانیش بەبێ باری ژیانی کۆمەڵایەتی و مەبەستی دەربڕین وگەیاندن و دارڕشتنەوەو دروستکردنەوە، نەدەتوانرا بەم چەسنەی ئێستاکە لێی تێگەیشتوین بوونی هەبوایە. زمانە مرۆڤی کردۆتە خاوەن پەیام، بۆی لواندوە (خواش) بدۆزێتەوەو بەناوو خەسڵەتی هەمەجۆر، بیکاتە حەقیقەتێکی ئایدیالی. زمانە بۆ مرۆڤی لواندووە دنیایەکی تایبەت بەخۆشی: دنیای دەنگ و سایکۆلۆژی و زانست و بیربنەخشێنێ. زمانیش، بەوخەسڵەتەی ئایدیالییەی هەیەتی، بەو هەموو ئیحتیمالاتی بوون و دروستبوون و دارڕشتنەی کە پێ بەپێی پێداویستیەکانی جیهانی بابەتی و پێوەندیە بێکۆتاییەکانی نێوان شت و دیاردەکان دەری دەخا زیاتر خۆی بەدەست شاعیران و فەیلەسوفانەوە دەدا _ یان وردتر بڵێین، شاعیران بۆیە شاعیرن و فەیلەسوفان بۆیە فەیلەسوفن، چونکە دەتوانن هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ زماندا بکەن و بیکەنە بۆتەیەکی لەباری ئەو هەموو خەون و خولیاو پرسانەی لە دونیای پڕ جوانی و خۆشی و خۆشەویستی و ئاشتی وجەنگ و هتد لەناو بیرو مێشکیاندا پەنگ دەخۆنەوە.

لێرەوە لەو چرکە ساتەی شاعیر توانی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوانەی لەناو دەورووبەرو ژینگەکەیدا بەری دەکەوێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە، ئەودەمە خستیە سەر خامە و بوو بە نووسین بەو لەحزەی نوسینە دەوترێ ئیلهام.



# چەند کورتیلە شیعری/

خالیدبایەزیدی (دلیر)

1_

جەستەی کریکار

لە کوی بنیژن

لە کاتێکدا

گورستانیش بە

سەرمایەدار

فروشراوە

2_

کرێکارێك

لە بینایەك

کەوتە خوار

لەو ڕوژەوە

هەناسەی منالیکی

هەژار

پربووە لە

هەوری بارانی بە هار

3_

چ قیزەونە ژیان

کاتێك کە دەبێ

ژیانی ئە مرۆ و سبەی

بوو پارووی نانێك

بە تالان بفروشیت

4_

کەس

بە خوشییەکانم

رازی نییە

جگە بە مەرگم نەبی

ئای مەرگ لە کوی؟!

5_

لە نێوان

خواو ئینسان

درۆیەك هەیە

ستاندنەوەی خۆشییەکان

بوو چونە بە هەشتیکی

خەیالی

6_

کرێکار

تەڵە

بۆ نان دەنێتەوە

لە جیهانێکی

پر لە گورگ و شێرو

پڵنگدا

7_

بە گومانم!

چون ژیان گەمەیە

بە هەشت و حۆریش

گەمەیەکی

راستەقینەیە

**********

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# بەشێکی ترلەدەقی" شەو نییە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت"

هۆنراوەی: حەکیم عەبدولڕەحمان میرزا

هیچم نەبرد
ئەوەندە شپرزەت کردم
زنجیری جانتاکەم بۆنەکرایەوەو
نەمزانی دڵم لەکوێدا لێدەدات
دەستم بەقۆپچەی کراسەکەمەوە دەلەرزی
پێڵاوەکانم لەپێدابوو کەچی بۆیدەگەڕام
بەعەینەکەکەی چاویشمەوە هیچم نەدەبینی
ئەوەندە شپرزەت کردم
بەدوای سێبەرەکەی خۆمدا دەگەڕام
ناوەکەی خۆمم لێ ونبووبوو
ئەوەندە شپرزەت کردم
نەمتوانی بڵێم ماڵئاوا و ئیتر ئێواران
بۆئێرە ناگەڕێمەوەو
دەست ناخەمە سەر زەنگی دەرگاکەت
هیچم نەبرد ویستم
بەدزیەوە هەناسەیەکت لەسوچێکی
ژووری نوستنەکەتا بۆدانێم
ئەوەندە شپرزەت کردم
ئەوەشم نەکرد هەواڵە بەخواییت
ئیشێکی باشت نەکرد
لەبەر خاتری خۆم

دەفتەرێکی بچکۆلەی بەر باخەڵ دەکڕم و
کاتو ساتی هاتنی ئێوەی تیا دەنوسمەوە
بۆئەوەی کەبیرمکردن
تێر تێر بتانخوێنمەوە
لەبەر خاتری خۆم
بەڕۆژ شیعرەکانم دەفرۆشم و
بەشەو ئەیدەم بەئارەقوو ئەیخۆمەوە

هیچم نەبرد
ئەوەندە شپرزەت کردم
ئاو و ئاگرم بۆلەیەك جیانەکرایەوە
نەمزانی بەیانیەکی تێکشکاوە
یان ئێوارەیەکی گۆچان بەدەست

لەبەر خاتری خۆم
شانم دەنێم بەشانی مردنەوەو
لەبەری هەڵدەسم و
لەژوورسەری خۆمەوە دای دەنیشێنم
هەموو بەیانیانێك
بەیانی باشی لێدەکەم
هەموو ئێوارانێك دەینوسێنم بەڕۆحمەوەو
شیعرێکی حەزینی بۆ دادەگیرسێنم


لەبەر خاتری خۆم
لەگۆڕستان لای پیاوێکی کەڕو لاڵ
ژوورێك بەکرێ دەگرم و هەموو سەری
مانگانێك
بەبیانوی کرێوە دەستەکانی ماچ دەکەم
پێیدەڵێم تاکێکی پەنجەرەکەت بکەرەوە
باتۆزێك هەوای قەبرەکەت بگۆڕێت

هیچم نەبرد ئەوەندە شپرزەت کردم
نەمتوانی بڕۆمە بەر ئاوێنەکەو
پرچی هەناسەیەك شانەکەم و
سەری ماڵئاواییەك بەملا بشۆم
ئەوەندە شپرزەت کردم
ڕێگای چونەدەرەوەم بۆ نەدۆزرایەوە
چاوم هیچی نەبینی
نەمدەزانی بەپێوەم
یان لەسەر کورسیەکی قاچ شکاو دانیشتوم

ئەوەندە شپرزەت کردم
نەتهێشت پێتبڵێم
وەرە بائاخر قاوە پێکەوە بخۆینەوەو
ئاخر هەناسە هەڵکێشین و
ئاخر چرپە چرپ
سەر بەسەر بەیەکتری بگۆڕینەوەو
ئاخر سێبەر بدەین بەکۆڵمانا

لەبەر خاتری خۆم
مەدرەسەیەك بەناوی باران دەکەمەوەو
خەڵکی فێری فڕیندەکەم
پێیان دەڵێم کەگەشتنە ئاستی هەور
چاوەکانتان بنوقێن
گوێچکەکانتان داخەن
چونکە ئەمە زەمەنی کەوا بخۆیەو
بۆت نییە بەکراسێکی چڵکنەوە
لەسەروی هەموانەوە دانیشیت

ئەوەندە شپرزەت کردم
لەبری ئەوەی ئاو بخۆمەوە
ئاو دەیخواردمەوە و
هەوا هەڵیدەمژیم
پیری بەشەق هەتا دەرگای دەرەوە دەیبردم
هیچم بۆناوتری
هیچم بۆنابینرێ
ئەوەی ماوە کەبڵێم
خوا نەتگرێ
شەو نییە شانم بەرشانی مردن
نەکەوێ
................



## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح





# عەمار شەریف : هەڵبژاردن زیاتر بووەتە کێشەی ئارایشدان بە دەسەڵاتی ئەحزابی بورژوازی حاکم بۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە لە نێوان ئەحزابی دەسەڵاتدار وهیچی تر...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەمار شەریف کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق؟ لاتان وایە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکرێت؟**

**عمار شریف:** لە رووی عەمەلیەوە بەرواری ئەم هەڵبژاردنە نزیکە بە کاتی خۆی تا وەکو پێشوەختە، چونکە کاتی نۆرماڵی هەڵبژاردن لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢، بەڵام لە باری ناوەڕۆک وەکو هەڵبژاردنی پێشوەخت حیساب ئەکرێت بەهۆی ئەوەی بریار دراوە لەسەری، لە ئەنجامی قەیرانی دەسەڵات لە ژێر فشاری راپەرینی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ٢٠١٩ دا، و لەدوای دوو مانگی نارەزایەتی بەردەوامی جەماوەریدا حکومەتی عبدالمهدی ئیستقالەی دا و رایانگەیاند کە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی بکرێت یان نا، هەر دوو ئیحتمالەکە واردە. بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراق سوورن لەسەر مەوعیدەکە کە دانراوە لە مانگی تەشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ، بەشێکی تر داوا ئەکەن هەڵبژاردن دوا بخرێت. لەم چەند هەفتەی رابردوودا فاکتورێکی تر هاتە پێشەوە و ئاڵۆزی زیاتری هێنایە بەردەم مەسەلەکە، ئەویش ئەوەیە کشانەوەی رەوتی سەدری لە هەڵبژاردن و دواتر زیاتر لە ٢٥ لایەن کشانەوەی خۆیان راگەیاندوە، یەکێکیان حیزبی شیوعی عێراق. جا بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەت و نیازەکانی رەوتی سەدر بۆ فشار خستنە سەر لایەنەکانی تر بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازی زیاتر لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و هێز و سەنگی خۆی لە ناو پروسە سیاسیەکەی عێراقدا، دوور نییە مفاوەزاتی دوا لەحزەی لایەنە سیاسیەکان بۆ هێنانەوەی ئەو رەوتە بۆ بەشداریکردن درێژەی ئەبێت و لە نەتیجەدا کاتی هەڵبژاردن دوا بخەن.

**بۆپێشەوە: دەستبردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، لەژێر گوشاری خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ ناسراو بە خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەردایە، یان ویستی سیاسی هێزو قەوارە سیاسیەکانە؟**

**عمار شریف:** ئەوەی حکومەت و پەرلەمانی عێراق و گشت سیستمی سیاسی رووبەرووی بووە لەگەڵی لە راپەرینی ئۆکتۆبەردا ئێجگار بەهێز و بێ وێنە بوو لە مێژووی مۆدێرنی عیراق هەم لە باری بەشدارکردنی جەماوەری فراوان و هەم لەرووی مەودای جوگرافی وتوندبوونی روبەروبوونەوە. بەشێک لە داخوازییە سەرەکیەکانی راپەرینی ئۆکتۆبەر ئیستقالەی حکومەتی عبدالمهدی وهەڵوەشانەوەی پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و...تاد. بەتایبەت رۆیشتنی عبدالمهدی و حوکمەتەکەی بووە داواکارییەکی سەرەکی جەماوەر لە دوای کوشتنی سەدان و برینداركردنی هەزاران خۆپێشاندەر لەلایەن هێزە ئەمنییەکان وملیشیاکان لە بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق. عبدالمهدی خۆی و سەرانی ئەحزابی حاکم دانیان بەوە داوە کە ئیتر ئەو حوکمەتە ناتوانێ بەردەوام بێت و خۆیان لە بەردەم راپەرینێکدا ئەبینی. بۆیە دەستبردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ژێر گوشاری راپەرینی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩.

ئیستا لە دوای نزیک بە دوو ساڵ مەسەلەی هەڵبژاردن زیاتر بووەتە کێشەی ئارایشدان بە دەسەڵاتی ئەحزابی بورژوازی حاکم خۆیان تا وەکو مەسەلەی وەڵامدانەوە بە داواکاری خەڵکی ناڕازی، بەتایبەت ئیستا مەعلوم بووە بۆ زۆربەی خەڵکی بێبەش کە هەڵبژاردنی پێشوەخت یان پاشوەخت وەکو جاران بریتییە لە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە لە نێوان ئەحزابی دەسەڵاتدار وهیچی تر.

**بۆپێشەوە: لەدواین هەڵبژاردندا، بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەم بوو نزیک بە ٣٠% بوو، لاتان وایە لەم** هەڵبژاردنەدا بەشداری هاوڵاتیان چۆن دەبێت؟

**عمار شریف:** بەپێی ئیدعای هێزە سیاسیەکان کە بەشدار بوون لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨، دەوری ٤٠% لە کۆی دەنگدەران دەنگیان داوە، بەڵام چەند لایەن و چاودێری سەربەخۆ جەختیان کردەوە کە ڕێژەی بەشدار بووان کەمتر٢٠% بوو. ئەو ژمارەی ئەخیر نزیکترە لە واقیعدا، هەر هاووڵاتیەک ئەتوانی بە کۆنکرێتی هەست بەوە بکات لە رێگەی خەڵکی دەوروبەری خۆی و ئەزانی رێژەی بایکۆت چەند بەرز بوو.

ئەگەر وەزعی ئیمرۆ بەرامبەر بە وەزعی چوار ساڵ لەمەوپێش بەراورد بکەین لە رووی ئابووری و سیاسی، ئەبینین خەڵکی مەحروم و زەحمەتکێش وناڕازی بێئومێدترن لە سیستمی سیاسی گەندەڵ و سەرکووتگەر. تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەحزاب و لایەنە سیاسیەکان کە خۆیان نووسیوە لای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کشانەوەی خۆیان راگەیاند. ئەوانەی لایەنگری موستەفا کازمی بوون زۆریان بۆیان دەرکەوت کە کابینەی کازمی نە وەڵامیداوەتەوە بە سەرەتاییترین خواستی خەڵک، نە ئەمنیەتی خەڵک و هەڵسوڕاوانی پاراستوە. ئەوە سەرەرای هێرشی حوکمەتی کازمی بۆ سەر بژێوی خەڵک لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نرخی دیناری عێراقی کە لە ئەنجامدا حەقدەست و دەرامەتی کرێکاران و فەرمانبەران و گشت دانیشتووان بە ڕێژەیەکی زۆر هاتۆتە خوارەوە. پێم وایە بایکۆت ئەبێتە دیاردەیەکی بەرچاوی هەڵبژاردنی داهاتوو.

**بۆپێشەوە: زوربەی جەماوەری برسی و نەدار دەڵێن هەڵبژاردن هیچ لە وەزعەکە ناگۆرێت، کەواتە ڕێگاچارە چییە، خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەش دەبێ چ بکەن بۆ وەدیهێنانی لانی کەمی خواست و داواکاریەکانیان؟**

**عمار شریف:** ئەوەی ئێوە باسی ئەکەن سەبارەت بەو نەتیجەیە جەماوەر پێ گەیشتوە تایبەت بە هەڵبژاردن، دروستە. هەڵبژاردن لە هەڵومەرجی ئیستای عێراق شتێک نییە بێجگە لە گاڵتەجاریی و هیچی تر، هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی مۆری بە کۆیلایەتیکردنی خەڵکە. بەشێک لە ڕێگاچارە پووچەڵکردنەوەی ئەو گاڵتەجارییە وەکو بەشێک لە بزووتنەوەیەکی ناڕازی بەرین لە دەوروبەری بەدیلێکی کۆمۆنیست کە بتوانی رادیکالیزمی ئینسانی کۆمەڵگە یەکگرتوو بکاتەوە. رادیکالیزمێک کە لە راپەرینی ئۆکتۆبەر بە پەرش و بڵاوی خۆی نیشان داوە و دەرکەوتوە لە هاتنە مەیدانی بێکاران و خوێندکاران، لە هاتنە مەیدانی سەدان هەزار ژن بەسەربەرزی لەناو کۆڕی خەبات، و لە بوونی مەیلێکی عەلمانی هوشیار و دژە کۆنەپەرستی. بەدیلی کۆمۆنیستی پیوستە بۆ ئەوەی جارێکی کە خەبات و قوربانی جەماوەری بێبەش نەچیتە گیرفانی لایەنە قەومی و نیشتمانی و ئیسلامیەکان بۆ خەرجکردنی لە سات و سەوداکانیان و گەیشتن بە نیازە دژە ئینسانیەکانیان، وە بۆئەوەی خەڵکی بێبەش و ئازادیخواز ویەکسانیخواز ماف و داواکارییە رەواکانیان بە دەست بهێنن.

**کە تەرحی سیاسەتی بایکۆت بکرێت ئەبێ بەدیلێك لە بەردەم کۆمەڵگە دابنرێت بۆ رێکخستن و ئیدارەی ئەو کۆمەڵگەیە، بەشێوەیەك کە ناوەرۆکەکەی و میکانیزمەکانی بوار بدات بەخەڵك لە خوارەوە لە جێگەی ژیان و کاری خۆیان دەخالەت بکەن و خاوەن بریار بن....**

**بۆپێشەوە: بایکۆتی هەڵبژاردنەکان تا دێت زیاتر دەبێت، ئەمە چ ئەرکێک دەخاتە سەرشانی لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان؟**

**عمار شریف:** بایکۆت لە ئیستادا هەڵبژاردەیەکی دروستە، بەڵام بایکۆت بە تەنها لەم هەلومەرجەدا کاریگەر نییە. راپەرینی ئۆکتۆبەر بە ئامانجە سەرەکیەکانی نەگەیشتوە، بەڵام هێشتا نارەزیەتی خەڵک بەردەوامە بەتایبەت بێکاران، هەروەها داخوازی گرتن و دادگاییکردنی بکوژانی سەدان خۆپیشاندەر و هەڵسوراو بێ وەڵام ماوە، خەدەمات خراپترە و مەسەلەی گەندەڵی و...تاد، بۆیە بایکۆت پێویستە کارێکی رێکخراو و چالاک بێت بەرامبەر بە بەدیلی ئەحزابی گەندەڵ، واتە هەڵبژاردن، وە ئەمەش وەکو لەسەرەوە باسم کرد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نارەزایەتی فراوانتر. لەهەمان کاتدا کە تەرحی سیاسەتی بایکۆت بکرێت ئەبێ بەدیلێک لە بەردەم کۆمەڵگە دابنرێت بۆ رێکخستن و ئیدارەی ئەو کۆمەڵگەیە، بەشێوەیەک کە ناوەرۆکەکەی و میکانیزمەکانی بوار بدات بەخەڵک لە خوارەوە لە جێگەی ژیان و کاری خۆیان دەخالەت بکەن و خاوەن بریار بن و نوێنەرایەتی خۆیان راستەوخۆ و بەردەوام بێت، جا ناوی ئەو دەزگایانە شورا، مەجلیس یان کۆمیتە بێت کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئامرازێک بەدەستی خەڵک بێت بۆ دەخاڵەت کردن. بەرای من ئەمانە ئەرکی گرنگی ئیستای لایەنە چەپ وکۆمۆنیستەکانن.

## درێژەی...شكستهێنان لە ئەفغانستان و تێكچوونی ئاساییشی جیهان!

ناسراوەكانی .گرووپە تیرۆریستەكان، و ئەوانەی كە ڕۆڵی سەرەكی دەبینن لە شەڕە بە وەكالەتەكانی ئەمرۆدا.

سێیەم: سیستەمی گەمارۆكانی نێودەوڵەتی پێویستی بە چاكسازی ڕیشەیی هەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئەو لیستەی ئێستای ئەنجومەنی ئاساییشی سەر بە یوئێن، كە ڕابەرەكانی تاڵیبان و قاعیدەش لە خۆ دەگرێت، جێگەی نوكتەو پێكەنینە لە كاتێكدا كە پاكستان پێشێلی یەک بە یەكی بەندەكانی كردووە. لەلایەكی ترەوە گوێ بەو گرووپانە نادرێت كە ئێران پشت و پەنایانە، هەروەک و چۆن ئەو گرووپ و توندڕەوانەش كە كار بۆ شوێنی تر دەكەن و لە لایەن چین و ڕوسیاو وڵاتانی ترەوە پشتگیری دەكرێن ئیهمالكراوون.

چوارەم: پاكستان شایانی ئەوەیە كە سزای توند بدرێت. قەبارەی ئەو شەڕە بە وەكالەتانە و داگیركردنی ئەفغانستان لەلایەن پاكستانەوە گەورەترە لەوەی كە ڕوسیا كردی لە ئۆكرانیا لە ساڵی٢٠١٤. هەر جارێک كە پاكستان خۆی دەرباز دەكا لە بەپرسیارێتی هێنانەوەی تاڵیبان بۆ ئەفغانستان، دەسەڵات و هێزی یوئێن لاواز دەكات و بە خراپیش دەشكێتەوە بەسەر مسداقییەت و ئیعتیباری دەوڵەتانی ناتۆ، هەروەها بە سەر نفوز و ڕۆڵی ئەمریكاشدا. بۆیە هەر وەک مایک موڵین، سەرۆک ئەركانی پێشووی هێزە هاوبەشەكان، دەڵێت: "ئێستا كات و هەلی ئەوەیە لە پاكستان ڕزگارمان بێت"

پێنجەم: پێویستە ئێمە پەرە بە توانا هاوبەشەكانمان بدەین بۆ ئەوەی بە یەكەوە بەرەنگاری لە مافەكانی مرۆڤ بكەین، پشتگیری لە میدیای سەربەخۆ و لە ڕۆژنامەگەری بكەین، ئەو گرووپانەی دەنگیان نابیسترێت وا بكەین ببیسترێت، هەروەها پشتگیری لەو گرووپ و بزووتنەوانە بكەین كە ڕووبەڕووی سەركوت و شەڕە بە وەكالەتەكان و جینۆساید دەبنەوە. ئەوەش بە هەنگاونان دەبێت بۆ ڕزگاركردنی ئەنجومەنی مافەكانی مرۆڤی سەر بە یوئێن لەو سستی و فشارەی كە ئێستا لەسەریێتی. هەروەها بڵاكردنەوەی توانای فرەلایەنە كە لە لایەن لایەنە دیموكراسییەكانەوە پشتگیری لیدەكرێت.
ئەوەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەو چەوسانەوەو دیكتاتۆری و كێشەو ململانێ چەكدارییەكان كە لە لایەن ئەو سیستەم و ڕژێمانەوە پشتگیرییان لێ دەكرێت كە خۆیان لە سزای تاوانبارییی دەرباز دەكەن.

شەشەم: كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە یەكدەنگ ئیدانەی ڕژێمی نایاسایی تاڵیبان بكات كە هەر لە ئێستاوە لە تاوانەكانی جەنگەوە تێوەگلاوە، و لە هەمان كاتدا هاوكاری هێزی موقاوەمەی ئەفغانییەكان بكرێت.

حەوتەم: پێویستە كەنەدا ڕابەرایەتی هاوپەیمانی لە دۆست و هاوبەشەكانی ئەفغانییەكان بكات بۆ گەیاندنی گەورەترین و كاریگەرترین هەڵوێست و بە هاناوەچوون بۆ ئەو قەیرانە مرۆییەی كە پێشتر وێنەی نەبووە. هەروەها بە هاناوەچوونی هەموو ئەو لێقەوماوانە كە لەناوخۆدا دەربەدەر بوون و هاوكاری ئەو شەپۆلە پەناهەندەیی و كۆچ بەرییەش كە بەدوای ئەو كارەساتەدا دێت. ئێمە پێویستمان بە شوێنێكی پارێزراو هەیە بۆ خەڵكی بێچارە و پشتگیری بەردەوامیش بۆ خوێندنگاكان و هەروەها لە ئاستێكی بەرزتریش ڕێگەنەدان بە بڵاوبوونەوەی قات و قڕی و برسێتی.

لە كۆتایی ئەو بابەتەدا: یاساكانی یوئێن دەربارەی سەربەخۆیی، موداخەلە نەكردن، پاراستنی شكۆو كەرامەتی مرۆڤ، بەهرەبوون لە ئازادییە سەرەتاییەكان دەبێ یا هەمومان بگرێتەوە و لێیان بەهرەمەند بین یاخود كەسمان.

كریستۆڤەر ئەلێكسەندەر: سەفیری كەنەدا بووە لە ئەفغانستان (٢٠٠٣-٢٠٠٥)، جێگری نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتی یوئێن بووە (٢٠٠٥٠٢٠٠٩)، وەزیری كۆچی كەنەدا بووە ( ٢٠١٣-٢٠١٥)، هەروەها دوو كتێبیشی لەسەر ئەفغانستان نووسیون. بە ناوی: ١- ڕێگای درێژی گەڕانەوە: گەڕانی ئەفغانستان بە دوای ئاشتیدا ٢-: كۆیایی پێهێنانی شەڕە بە وەكالەتەكانی پاكستان لە نێو ئەفغانستاندا.

**سەرچاوە:ناوەندی چاودێری نێودەوڵەتی داهێنان**
https://www.cigionline.org/articles/the-failure-in-afghanistan-and-the-fallout-for-global-security/?

٢٠ی ئابی ٢٠٢١

## درێژەی....شكستی ئابڕووبەرانەی دەوڵەتی ئەمریكا لە ئەفغانستان...

تیرۆریزمدا لەدەسەڵاتی.. خستبوو، وەبەشێک لەسەركردەكانی تاڵیبان لەلایەن ئەمریكاوە داواكراو بوون، ئێستا لەگەڵ ئەو قەسابانە ڕێک كەوت و جارێكی تر خەڵكی ئەفغانستانی ڕادەستی ئەو دەسەڵاتە ڕەشە كرد.

دیارە چوونە دەرەوەی ئەمریكا لەهەر جێگای و گۆشەیەكی دنیا، لە سودی خەڵكی ئەو وڵاتانەیە.... بەڵام ئەگەر بە هێزی نارەزایەتی جەماوەری وەردەرنەنرێت، وەكو فێتنام و وڵاتانی تری ئەمریكای لاتین، دەبێت بە كارەسات. ئەو كارەساتەی لە ئەفغانستان بەسەر جەماوەری بێبەش و نەداری ئەو وڵاتەدا هات، بەرهەمی شكستی ئابڕووبەرانەی ئەمریكا و سات و سەودای بوو لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەشی تاڵیبانی ئیسلامی. هاوكاتیش ماهیەتی بانگەشەی پوچی جەنگ لە دژی تیرۆر و تیرۆریستانی بەدنیا نیشاندا و ناوەرۆک و قێزەونی دیموكراسی لەسەر سینیەک نمایش كرد و ئەو ڕاستیەی خستە ڕوو، كە دیموكراسی نەک لەگەڵ ئازادی و مافەكانی ئینسان نایەتەوە بەڵكو ناكۆكە بە پرانسیپەكانی مەدەنیەتیش.

ڕاكردنی بەكۆمەڵی خەڵكی ئەفغانستان.... نا وتنی خەڵک و نارەزایەتیانە بە دەسەڵاتی دوبارەی تاڵیبان كە پێشتر خەڵكی ئەفغانستان بەخوێن و گۆشتەوە ئەزموونیان كردووە، هاوكاتیش نەفرەتی جەماوەرییە بەرووی ئەمریكا و غەربدا، كە لەپێناو بەرژەوەندیەكانی ئەمرۆیاندا دەستیان خستەوە ناو دەستی تاڵیبانی تیرۆریست و ڕێگایان بۆخۆشكرد بێتەوە سەر دەسەڵات...
دیارە هیشتا هیچ شتیک كۆتایی نەهاتووە، جگە لەشكستی ئابڕووبەرانەی ئەمریكا و غەرب و بوونی نەفرەتی ملیۆنی لەدەسەڵاتی تاڵیبان... ململانێی لەنیوان تاڵیبانی نەفرەتلێكراو جەماوەری نارازی و بێبەشی تاڵیبان، بەتایبەتیش ژنان و بەرەی مەدەنی خوازدا، ئایندەی ئەفغانستان دیاری دەكات. كاردانەوە بەكردەوەكان بەدژی دەسەڵاتی تاڵیباندا، سەرباری فریوكارییەكانی جانەوەرەكانی تاڵیبان، ڕوو لەپیشەو ئومێدی ڕاماڵینی دەسەڵاتی تاڵیبانی لیدەكرێت. ئەو دەسەڵاتە توانایی بەرگری لەخۆی و زمنكردنی سەقامگیری نەک نییە، بەڵكە خۆی سەرچاوەی ناسەقامگیركردن و داسەپاندنێكی ڕەشی تری سەرچاوە گرتوو لە شەرعە، كە ناكۆكی قوڵی لەگەڵ سەرەتاییترین ئازادی و مافەكانی ئینسان و سیماكانی كۆمەڵگەیەكی ئاسایی هەیە. ڕاماڵینی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ڕێگای بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە كە دەستی پێكردووە، هاوشان لەگەڵ نەفرەتی ڕای گشتی و ئازادیخوازی دنیا، نیشانەی وەرێكەوتنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵكی ئەفغانستان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی دنیایە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێكی تر.... كە هەرگیز ڕێگای دوبارە گێرانەوەی دەسەڵاتی شێوە تاڵیبان و داعش و نۆكەر پیشەكانی ئەمریكا و غەرب نادات.

## درێژەی دوا وتە

خراون. هێشتا كەس و كاری ئەو هەزار ئینسانە چاوەڕوانن بزانن باوک و براكانیان... نەک بەزیندووی، بەڵكو دوای مەرگیان، لە كوێن؟ پارتی و یەكێتی و هاوشێوەكانیان، كە فرمێسكی تیمساحی بۆ قوربانیانی دەستی بەعس و ئەنفال هەڵدەڕێژن، دەزانن زوربەی ئەنفال كراوەكان لە چ پێدەشتێكی لمیندا لەلایەن بەعسەوە بەكۆمەڵ لەگۆڕنران، بەڵام هێشتا خەڵكی كوردستان و خاوەن قوربانیەكان و بێسەروشوێنەكانی جەنگی ناوخۆ نازانن ئازیزەكانیان، لە كوێ بەكۆمەڵ كراون بە گەروی زەویدا، تا بتوانن سەردانی گڵكۆكانیان بكەن... نەپارتی و نە یەكێتی ئامادەنین بە مردویش چارەنووسی ئەو هەزاران ئینسانە بەكەس و كارەكانیان و بە كۆمەڵگەی كوردستان ڕابگەیەنن. بەم جۆرە پارتی و یەكێتی ناهێڵن ئەم سێڵاوی خوێنە وشک بێت، ئەم ئاخ و ئازارە كەم بێتەوە، ئەم برینە بەرەو سارێژی بڕوات.

ئەم كارەساتە جەرگبر و خوێناوییە، هێشتا درێژەی هەیە، چونكە هێشتا خۆشخزمەتی و نۆكەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەكە درێژەی هەیە، هێشتا تەماحی باڵادەستی زۆرتری دەسەڵات و پاوانی جغرافیای زۆرتر و تاڵانی بێ ئەوپەری داهاتی كۆمەڵگەی كوردستان لە ڕێی میلیشیاو زۆرەوە بەردەوامە. ١٦ ئۆكتۆبەر گۆشەیەكی تری ئەم تاوانانەو درێژە دانە بە ٣١ ئابەكان.

پارتی و كارخانەی ڕاگەیاندن و كارخانەی دروستكردنی مۆدیلی بەڵی بۆ ٣١ ئاب و بەرگری لێكردنی دەچەرخێ. ڕابەران و كادرانی ئەو حزبە گۆشی ئەوە كراون لەجێگای ئیدانەكردنی ئەم تاوانە، شانازی بە ٣١ ئابەوە بكەن و لەوەش خراپتر درۆی ئەوەی بۆیە بەعسیان هێناوە تا كوردستان لەدەست داگیركەرانی دەرەكی ئێرانی بپارێزن و چاوەڕوانن خەڵكی كوردستان خەڵاتیان بكەن. ئێستاش هەر ئەو پارتیە لە جێگای بەعسی گۆربەگۆر كراو دەستیان لەناودەستی ڕژێمی فاشیستی ئەردۆغانی توركیادایەو لە نۆكەرایەتی بۆی بێدرێغن. یەكیتیش كەتا ئێستا دەستی بە كۆماری ئێرانەوە گرتووە، پێمان دەڵێن، ئێمە لەخۆشخزمەتی بەردەوامین. لەگەڵ قوڵبونەوە و قڵشتی دەسەڵات و داهات و دارمانی باڵادەستی و تیكچوونی ئەو هاوسەنگیەی هەیە، ئەگەری دوبارە پەلكێشكردنەوەی ئەم ڕژێمانە ئەگەرێكی كراوە و پێشبینی كراوە.. ئەمان خویان بەو عادەتەوە گرتووە.

خەڵكی هوشیاری كوردستان و لە پێشیانەوە، كەس وكار و قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆ و ٣١ ئاب و كەس و كاری بێ سەروشوینەكان و ...تاد، و هەموو ئەو ئینسانانەی هێشتا فایلی ٣١، لایان دۆسیەیەكی زیندووە، پێویستە لەسەریان گوشارەكانیان لەسەر دەسەڵاتی پارتی و یەكێتی زیاد بكەن بۆ ڕاگەیاندنی چارەنووسی بێسەروشوێنەكان و قەرەبووكردنەیان و ڕاكێشانی تۆمەتباران و كاراكتەرە سیاسی و سەربازییەكانی ئەم تاوانە بۆ بەردەم دادگایەكی بێلایەن و شارستانی.

كارەساتی ٣١ ئاب، پەروەندەیەكی كراوەیە تا ئەوكاتەی چارەنووسی بێ سەروشوێنەكان ڕادەگەیەنرێت و تۆمەتبارانی سزای تاوانەكانیان لە دادگایەكی بێلایەنی عادلانەدا وەردەگرن، و پارتی و یەكێتی و حزبەكانی بۆرژوازی كورد، دەست لە عادەتی خۆشخزمەتی و نۆكەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەكە هەڵدەگرن، كە هەمیشە ئەو عادەتە دەتوانێ كۆمەڵگە لەبەردەم ٣١ ئابەكان و ١٦ ئۆكتۆبەرەكانی، داهاتوودا ڕابگرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:


www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

حەسەن ڕازانی، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق "

## لەیادی هاوڕێ "بەکر عەلی" تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا




هاوڕێ بەکر عەلی شاعیر و رابەری ئاوارەو بێ خانەولانەکان... لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانیدا چاو بە دنیای زوڵم نابەرابەری هەڵهێناوە. بەکر عەلی زۆر زوو زوڵمی چینایەتی ناچاری خەبات و وەستانەوەی دەکات، زۆر زوو لەبەرەی خەڵکی هەژارو نەداردا دەوەستێت و دەبێتە هەڵسوڕاوێکی چالاک و تێکۆشەری نا وتن بە دنیای سەرەوخواری پر ستەم و نابەرابەری سەرمایەداری. لەساڵی ١٩٩٣ و لەگەڵ هاتنە ئارای مەسەلەی ڕوخاندنی خانوە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی هاوڕێ بەکر وەکو رابەرێکی ماندونەناسی بەرگری لە هاولاتیانی ئاوارەو بێ خانەو لانە، دەردەکەویت و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی ناو ئاوارەکان و خەڵکی بێ خانەو لانە. دوای پشتیوانی لیبراوانەی یەکێتی بێکارانی ئەو کاتە لە خەڵکی بێخانەو لانە، هاوڕێ بەکر و ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی ئاوارەو بی خانەو لانە روو لە یەکێتی بێکاران دەکەن و بەکر عەلی ش دەبێتە یەکێک لە ئەندام و رابەرانی یەکێتی بێکاران. پاشان بەکر عەلی دەبێتە روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی بێبەشانی هەر جێگایەک کە ئەو هەڵسورانی تیادا دەکات... هەر بەوهۆیەوە بەکر عەلی دەبیتە یەکێک لە هەڵسوراوی یاد و بۆنە کرێکاریی و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و یەکێک دەبێت لە وتار بێژانی ئاکسیۆنی شکۆداری یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ ی مەلعەبەکەی شاری سلێمانی،... لەو وتارەدا پەردە لەسەر زوڵم و ستەم و ژیانی ئاوارەیی هەڵدەماڵێت و روودەکاتە بەرپرسان کەهەموو جێگایەکی شاریان بەشێوەی نایاسایی پاوان و دەست بەسەردا گرتووەوە، کەچی گوشار دەهێنن بۆ سەر خیزانە ئاوارەکان کە لەناچاری و بەهۆی نەبوونیەوە خانوی لە گڵ و لە لەوح دروستکراویان کردۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. لێبراوی و تیکۆشانی بەکر عەلی بۆ وەستانەوە بەرووی روخاندنی خانوە بیتاپۆکانی شارو حامیەی سلیمانی، رۆڵی رابەری و پێشرەوی ئەو بەکر عەلی دەکاتە خۆشەویست و جێگا متمانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەداران و خەڵکی بێخانەو لانەو ئاوارە، هاوکاتیش دەبێتە چقڵی چاوی ستەمکاران و تالانچیانی کوردایەتی. بۆیە جگە لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەلاتدارانی سلێمانی، چەندین جار دەستگیری دەکەن و هەرەشەی کوشتنی لێدەکەن بۆ وازهێنان لەپشتیوانی و تیکۆشانی لە خەڵکی ئاوارەو بیخانەو لانە، بەلام باوەری بەکر عەلی بۆ ئاڵوگۆر و باشترکردنی ژیانی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگە، ئەو سورتر دەکات لە خەبات و تێکۆشان و گرتنەبەری رێگای ریکخستنی نارەزایەتی جەماوەری و رابەری کردنیان... تا لە رۆژی ١/٩/١٩٩٤دا، لەکاتی رابەریکردنی خۆپیشاندان و رێپێوانی ئاوارەو بێ خانەو لانەکانی حامیەدا، دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دوای ئەوەی بریندار دەکرێت، بەدەستی قارەمانەکانی کوردایەتی و پارێزگارەکانی پاریزگای سلیمانی ئەو کاتە، دەکوژرێت و دڵە پڕ هیواو ئومێدەکەی لە جوڵە دەخەن. شایانی باسە بەکر عەلی تەنها رابەرو هەڵسوراوێکی خەڵکی کرێکارو هەژارو نارازی نەبوو، بەڵکە ئەو شاعیرێکی هەست ناسک و یاخی و خۆشەویستی بوو. خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناوازەو جوانە و هۆنراوەکانیشی پڕن لە نیشاندانی نابەرابەری چینایەتی و رەخنە لە چینە داراکانی کۆمەڵگە.

سەردەمی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵك و ڕووکەشی بوونی بەشداری ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسیە لیبراڵی و پەرلەمانیەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەك کە بیەوێت بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵك لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ...

دوا وتە

# ٢٥ ساڵ بەسەر تاوانی ٣١ ئابدا

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



ئەمساڵ، ٢٥ ساڵ بەسەر تاوانکاری ٣١ ئابدا، تێدەپەرێت. تاوانکارییەک کە هەمیشە لەگەڵماندا دەژیت، بەجۆرێکی تر درێژەی هەیە، ئەگەری چەند بارەبوونەوەی ڕاستیەکی نکۆڵی هەڵنەگرە. ٢٥ ساڵ بەر لەئێستا و لە درێژەو چوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتی باڵەکانی بۆرژوازی کوردا و بەتایبەتیش لە جەنگی نێوان پارتی و یەکێتیدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەلکێشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی سێدارەو سەنگسار و پارتیش پەلکێشی هێزە چنگ بەخوێن و فاشیستیەکە بەعسی کرد. هەر یەک لە پارتی و یەکێتی بۆ ڕاگرتنی باڵانس و باڵادەستی سیاسی و سەربازی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، دەستیان برد بۆ ئەو تاوانە لەبیرنەکراو و لێخۆش بوون هەڵنەگرە.

٣١ ئاب، باڵانسی هێزی گۆڕی، پارتی کردە هێزی یەکەمی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان و بەکردەوەش هەردوو جغرافیای سەوزو زەردی کردە دوو زونی لێک جیاوازی سەر هەرێمێکی بریندار و بێخاوەن.

تاوانی ٣١ ئاب، تەنها بیرەوەریەکی تاڵ نییە لە یادەوەری خەڵکی کوردستاندا، تەنها پێشلەشکری و خۆشخزمەتیەک نییە بە دوو رژێمی دڕندەی خەڵکی کوردستان، تەنها گۆرینی باڵانسی هێز نییە، تەنها بە دوو زون کردنی هەرێمێک نییە، بەڵکو تاوانێکە کە تیایدا بە هەزاران ئینسان بوونە قەرەبروت، بەهەزاران ئینسان تیایدا کەم ئەندام و سەقەت بوون، بە دەیان هەزار ئاوارە بوون، بە هەزاران ماڵ وێران و خاپور کران، بەسەدان ئینسان لە ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی عێراق و تورکیا، خەڵتانی خوێن کران یان دەستگیرو پاشان لە سێدارە دران، بە هەزاران ئینسان دوای بەدیل گیرانیان، بێ سەروشوێن کران و تا ئێستا نەک چارەنووسی ژیانیان، بەڵکو چارەنووسی گۆرەکانیشیان ونە. ئەمانە لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتیەوە ئەنفال کران، بەڵام دیار نییە لەژێر کام تەپۆلکە و بناری چ شاخ و لە چ دەشتایەکی کورستانی عەزیزی پارتی و یەکێتیدا!!، ژێر خاک

بۆ لاپەڕە 11